# مەلا مەحموودی بایەزیدی و هەردوو دەستخەتی
# (تەصریف)ی عەلیی تەرەماخی و
# (در المجالس)ی مەلا موسای هەکاری

**د. زرار صديق تۆفيق**
بەشی مێژوو _كۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەكان_زانكۆی دهۆک
Zrar.stawfiq@uod.ac

**پوختە**

وەک روونە دەستكاریكردنو هەڵبەستنی دەستنووس، دیاردەیەكی یەكجار كۆنە لە مێژوو و كەلتووری گەلاندا بە كوردەوەش و دەیان دەستخەت بە زمانی كوردی هەن لە كتێب و نامیلكە و دیوانی شاعیران و كەشكۆڵ كە تایبەتن بە دیرۆک و ئەدەب و زمانی كوردی و چەندینی عەرەبییش هەن سەبارەت بە لایەن یان بوارێكی مێژوو و كەلتووری كوردی و زۆربەیان لەمێژە ساخ و بڵاوكراونەتەوە و شوێنی خۆیان لە كتێبخانەی مەعریفیی كوردی گرتووە، وەلێ دەمێک لە هەندێكیان دەڕوانی و بە وردی دەیانخوێنیتەوە، گومان لە رەسەنیی دەقەكانی دەكەیت و هەست دەكەیت لە دەستكاری و لێ تێنەگەهیشتن بەدەرنین و بە مەبەست و ئامانجی جۆربەجۆر دەستكاریی مێژووەكەی یان وشەگەلێكی كراوە یان هەر لە بنەڕەتدا نەبووە و دواتر هەڵبەستراوە، واتا كەسانێک دانراوێكی خۆیان دەدەنە پاڵ شاعیر یان دانەرێكی ناودار، دەستنووسی واش هەیە بەشێكی یان زۆربەیی هەڵبەستراوە و لە بنەڕەتدا ئەوەندە نەبووە، لەپاڵ ئەمانەشدا، جاری وا هەیە ساخكەرەوەی دەستنووسێک لە تێگەهیشتن و راستنووسینی چەند

پەیڤ و واژەی دەستخەتێک و ناسینەوەی خاوەندەکەی راستیی نەپێکاوە.

لەم ساڵانەی دواییدا، خەریکی ساخکردنەوەی بابەتگەلێکی دیرۆک و کەلتوور و فۆلکلۆری کوردی بووم و کارەکەم وای دەخواست بۆ جارێکی دی بەرهەمی مێژوونووسان و زانایانی کورد و دیوانی گشت شاعیرانی کلاسیکی بەوردی و بە چاوێکی رەخنەگرانە بخوێنمەوە و سەرئەنجام چەردەیەک سەرنج و رەخنەم لەکن پەیدا بوون لەبارەی مژارگەلێکی پەیوەست بە ئەدەب و زمان و مێژووی کورد و میتۆدی کارکردن لە دەستخەتە کوردییەکان.

ئەم ڤەکۆلینە، لە یەکێک لەم مژارانە دەکۆڵێتەوە ئەویش پەیوەندیی مەلا مەحموودی بایەزیدییە بە هەردوو دەستخەتی (در المجالس) و (تەصریفی عەلی تەرەماخی)یەوە، کە پێشتر ڤەکۆلەران سەرنجیان نەداوەتێ و باسیان نەکردووە و گەهیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە بایەزیدی بەخۆی تەصریفەکەی داناوە و گەڕاندوویەتیەوە بۆ تەرەماخی و هەر خۆیشی(در المجالس)ی بەناوی مەلا موسای هەکاری وەرگێڕاوە.

وشە سەرەکییەکان: دەستخەتی کوردی، بایەزیدی، عەلیی تەرەماخی، هەڵبەستن

## ١- مەلا مەحموودی بایەزیدی(١٧٩٧-١٨٦٧ز):

سەبارەت بە ژیاننامەی بایەزیدی زانیاریی ورد دەست ناکەوێت، هەندە نەبێت کە لە کۆتا ساڵەکانی سەدەی هەژدەهەم لە شوێنێکی سەر بە بایەزید لەدایک بووە و لگۆر ئەو شارەزایی و پێزانینە تەواوەی هەیبووە لەسەر وردەکاریی ژیان و سەربوردەی چڤاکی رەوەندی و شوانکارەی کوردەواری، دەکرێت بڵێین بەخۆی هەر رۆڵەی گۆشکراو و پەروەردەکراوی ئەو چڤاکە بووە و بەخت یاری بووە و هەلی خوێندن




و فێربوونی بۆ هەڵکەوتووە و بۆتە خوێندەوارێکی زرنگ و رۆشنبیرێکی بەهرەداری رۆژگاری خۆی و هاوشێوەی خوێندەوارانی کورد، سەرباری زمانی زکماکی دایک وەک پێویستییەک، فێری زمانەکانی عەرەبی و فارسی و دواتریش تورکی بووە و ئاشنایی و شارەزایی لە ئەدەبیاتی میللەتانی رۆژهەڵاتی ئیسلامی پەیدا کردووە، وا دیارە لە رووداو و پێشهاتەکانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمی کوردستانی باکوریش ئامادەیی هەبووە و رۆڵی دیبلۆماسی گێڕاوە تا دواجار بەدەنگ بانگهێشتی ئەلیکسەندەر ژابا(١٨٠١-١٨٩٤)ی کونسوڵی رووسیاوە چووە و پەیوەندیی پێوە کردووە و لە شاری ئەرزەڕوم گیرساوەتەوە و بوونەتە دۆست و ناسیاوی یەکدی و لێبڕاوانە کەوتۆتەخۆ و هاریکاریی"میر ژابا بێگ" و" دۆستێ... قونسوڵێ فەخیمە رووسیە"ی کردووە و چیی خواستوە، چ بە دانان و چ بە وەرگێڕان و نەسخکردن و کورتکردنەوە بۆی ئەنجام داوە[1]، بەمەش خزمەتێکی هەرەمەزنی بە نەتەوەکەی گەیاندووە و بەشێک لە گەنجینەی کەلتووری بێناز و پەڕاگەندەی کوردی لە فەوتان و لەناوچوون دەرباز کردووە و خۆزگە مەلا و خوێندەوارانی دی، چارەکی ئەم بەتەنگ پاراستن و یاداشتکردنی مێژوو و چاندی کوردییەوە بهاتنایە و چمکێکی دیی مێژوومانیان بپارستایە.

لای هەموو ئەو توێژەرانەی سەبارەت بە کارە هاوبەشەکانی بایەزیدی و ئەلیکسەندەر ژابا دواون و تۆژینەوەیان کردووە، ئەوە

روون و ساخ بۆتەوە کە بایەزیدی لە بەرهەم و نەسخکردن و وەرگێڕانەکانیدا، بەمەبەست لەمەڕ ناسنامەی خۆی نادوێت و چ ئاگاهییەک نادات بەدەستەوە، بەڵکو لە زۆربەیاندا، بە ئەنقەصد یان ناوی خۆی ناهێنێت یان ناسناوی جۆربەجۆر بەکار دەهێنێت: خواجە مەحموود، فەقیر مەحموود ئەفەندی، مەلا ئەفەندی، حاجی مەحموود ئەفەندی(خزندار، ١٩٧٨، ٢٩ Ozturk، ٢٠١٧، ١٩)، دیارە پاساوی ئەم رەفتارەشی خۆلادان بووە لە تووڕەبوون و وروژاندنی دینداران و پیاوانی ئایینی کۆمەڵگای کوردەواری و خۆپاراستن لە توانج و رەخنەیان کە پێیان رەوا نەبووە مەلایەکی موسڵمان لەسەر خواست و راسپاردەی ناموسڵمانێک ئەم کارانە ئەنجام بدات (رودینکو، ٢٠٢٠، ٧).

**٢- عەلیی تەرەماخی و صەرفی کوردی:**

عەلیی تەرەماخی کە بە دانەری تەصریف- صەرفی لیسانی کوردی دانراوە، کەسێکی نەناسراوە و نە ناوی باب و باپیری و ماڵبات و هۆزەکەی و نە دەمی لەدایکبوون و ژیان و مردنی و نە ساڵی دانانی تەصریفەکەی دەزانرێت و وەک بێژیت کەسێکی چێکراو بێت و لە چ سەرچاوە و بەڵگەنامەیەکی عوسمانی و دەستخەتێکی بەر لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم ناوی نەبراوە و ئەو ڤەکۆڵەرانەی دوڤچوونیان ئەنجام داوە و سۆراخی زیندەگی و بەسەرهاتیان کردووە، شتێکی وایان لەبارەوە دەست نەکەوتووە و وەک م. ب. رۆدێنکۆ(١٩٢٦-١٩٧٦) دەڵێت لەگەڵ باسکردنیدا، تووشی کێشەی مێژووی ژیان و بەرهەمی دەبین(رۆدێنکۆ،٢٠٢٠، ٥١)، بەڵکو لەگەڵ دەستبەکاربوونی بایەزیدی بە هاوکاریکردنی ئەلیکسەندەر ژابا، کوتوپڕ سەرهەڵدەدات و پاش لێبوونەوەیان لە پێکەوەنانی نامیلکەکە، سەرنگوون دەبێت تا پاش کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی، هیچ دەنگوڕەنگ و شوێنەوارێکی


دەستووری
زمانی عەرەبی بە کوردی
عەلی تەرەماخی
سەدەی حەفدەمی زایین

دەستنووسی ژمارە ( C 1958 ) ی ئامۆژگای
ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیەی زانستی سۆڤیەت
لە لینینگراد
لە ساڵی ١٢٧٤هـ / ١٨٥٧ – ١٨٥٨ ڕوونووس کراوە

لێکۆڵینەوە و لەسەرنووسین و ئامادەکردنی
بۆ چاپ
دوکتور مارف خەزنەدار
قوتابی و کارگەری زانستیی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسیی
ئەکادیمیەی زانستیی سۆڤیەت لە لینینگراد ( ١٩٦٠ – ١٩٦٨ )

بغداد ١٩٧١

نامێنێت، واتا تەنها لای بایەزیدی بوونی هەیە و زانا و زمانەوانێکی ناسراوە، بگرە ئەو بەخۆیشی زانیاریی وردی دەرهەق نەبووە و دڵنیا نەبووە لە چ سەدە و سەردەمێک ژیاوە و وەک چۆن لەخۆیەوە شاعیرانی کرمانجی ناساندووە و چۆن بۆ هاتنی ئەحمەدی خانی بۆ بایەزید و دانانی شەرەفنامەی بەدلیسی، ساڵی(حزار- هەزار)ی داناوە[٢]، لێرەش هەر وای کردووە و سەرپێیانە تەرەماخیی ناساندووە کە پێدەچێت هەر خۆی پێکەوەی نابێت، پێناسەیەک دەشێت بەسەر هەر مەلایەکی پایەدار و زانایەکی ئایینی وڵاتی پانوپۆڕی هەکاری بچەسپێت:

"د تاریخا حزاری بشوڤە- پاش ساڵی هەزاری کۆچی- ژ قضاید حکاریان د قضا مکثیدا گوندک هیە ترەماخ دبێژن، ژ وی گوندی ناڤی علی مرۆڤکە خوی ذهن و ادراک و صاحب هش و فطانت پیدا بویی، طلبا علم و فنونید بدیعە کری، مدەیکی مدیدە لبغدا و موصل و بهدینان و صوران گڕیایی و مایی و خوندی و کسب کمال و فنون علوم کری، د فننی علمی صرفیدا زێدە مهارت و رسوخ پێدا کری، د زمانی خودانی قوی زیدە مشهور و معروف بویە. و بلکو حتی نها ژی ناف و نیشانید وی د کوردستانیدا هین اوی علی تەرەماخی بخو بدستی خو د نیڤا گوندی مزگفت و مدرسە بنا کرینە و مدەیکی بخو ژ درس گوتی نە... ژ بو هیسیا مبتدیان بزمانی کورمانجان عبارەتکی تصریفی تصنیف کریە"(تەرەماخی، ١٩٧١، ٢٥-٢٦).

کەچی ئەوەی راستی و واقیعە، نە چ بەڵگە و ژێدەرێک ئەم پیاهەڵدانەی پشتڕاست کردۆتەوە و نە لە کوردستانیش هەندە ناودار و بەناوبانگ بووە، دەنا لە دەستخەت و سەرچاوەکاندا ناوی خۆی و بەرهەمەکانی دەبرا و نە تەصریفەکەشی بەردەست و بڵاو بووە، ئەگینا فەقێ و مامۆستایان بۆ خۆیان دانەیان لەبەر دەگرتەوە و راڤە و لێدوان و لێکدانەوەیان بۆ دەکرد و هەرچۆنێک بایە چەند دانەیەکی لێ دەمایەوە، وەک چۆن دەیەها دەستخەتی جۆربەجۆری دیوانی مەلای جزیری(م: ١٦٤١ز) و (مەم وزین) و (نوبهاری بچووکان) و (عەقیدەیا ئیمانێ)ی ئەحمەدی خانی(م: ١٧٠٧ز) و مەولودەکەی مەلای باتەیی(سەدەی هەژدەهەم) و (نهج الأنام) ی مەلا خەلیلێ سێرتی(م: ١٨٤٣ز) ماون و پارێزراون[٣].

ئەم تەصریفە کوردییە بابەتێکی مەنهەجیی بنەڕەتی بوو و لە ماوەی سەدان ساڵدا لە قۆناغە بەراییەکانی خوێندنی قوتابخانە و حوجرەی مزگەفتەکانی کوردستانی باکور دەخوێندرا تا زارۆک و قوتابیانی کرمانجی نەشارەزا لە عەرەبی کەڵکیان لێ بدیتایە و فێری زمانی عەرەبی ببوونایە و پێویستبووش مامۆستا و فەقێیانی کرمانج بایەخیان پێبدایە و هەر یەکەو یان زۆربەیان دانەیەکی هەبووایە، بە ئاخافتنێکی دی دەبوو دانەگەلی لە گوند و دێهاتەکاندا بەردەست بوایە و بە ساناهی دەست بکەوتایە، کەچی تەواو بە پێچەوانەوە ئەم کتێبە بنەڕەتی و گرنگە کە بەگوتەی بایەزیدی" د نیڤا طەلەبەید ئەکرادان قەوی- گەلێک- مەقبول و ئەهم و لازمە"(خەزنەدار، ١٩٧١، ٢٦)، کەس پێی نەزانیوە و لای کەس دەست نەکەوتووە و بگرە لەکن نەوەکانیشی لە گوندی تەرەماخ نەپارێزراوە و ناویشی لە هیچ سەرچاوە و دەستخەتێک نەهاتووە و نەزانراوە چ دانەیەکی لە دەستنووسخانە گشتی و حوکومی و کەسییەکاندا هەبێتو گوایا دانایەکی تاقانەی لەکن پیرەمێردێکی هەکاری هەبووە و ئەویش بزر و بێسەروشوێنە(خزندار،

١٩٧٨، ٤٣)، ئەمە لە دەمێکدا، ناميلكە فێركارييەكانی مەلا یونسی ئەرەقەتینی- حەلقەتینی(م: ١٧٨٥؟): (تەصريف و تەركيب و ظروف) کە ئەوانيش مەنهەجی بوون، لەپاڵ ئەو دانەیەی دەست ژاپا کەوتووە کە ساڵی١١٩٠ك/١٧٧٦-١٧٧٧ز نووسراوەتەوە، چەندینی تری هەن لە دەستخەتخانەی عێراقی(دار المخطوطات العراقية) و کتێبخانەی دەوڵەتی لە بەرلین و کوردستانی باکور و لە کاتی لێکجیا و بە خەتی لێکجیا نووسراونەتەوە و راڤە و لێکدانەوەیان بۆ کراوە[٤] و ئەمینی نارۆزی ساڵی١٩٩٦ دەستخەتێکی لەگەڵ گۆڕینی بۆ تیپی لاتینی لە دەزگای سارا لە ستۆکۆڵم چاپ و بڵاو کردەوە و رۆژی ٢-٨-٢٠١٨ سەردانی کتێبخانەی کوردییم کرد لە ستۆکۆڵم و دانەیەکیان بە دیاری پێدام.

ضياء الدين يوسف پاشای خالدی(١٨٤٣-١٩٠٦)کە ساڵانێک قائیممەقامی شارۆچکەی مۆتکێی سەر بە بەدلیس بوو، گومانێکی وا ناهێڵێتەوە کە تەصریفی بەناو تەرەماخی لە قوتابخانەکانی کوردستان نەبووە و نەخوێنراوە و لە پاشکۆی فەرهەنگەکەی(الهدية الحميدية فی اللغة الكردية)یدەڵێت خوێندکارانی کورد راڤەی تەصریفی عززی(شرح العزي)[٥]ی مەلا حەسەنی شیڤکی[٦] و کتێبی (الظروف) و (عوامل الجرجاني)ی مەلا یونسی ئەرقەتینی دەخوێنن و لەبەریان کردوون، وێڕای (رسالة فی الطب)ی مەلا محەمەدی قوطبی ئەرواسی و نۆبهاری خانی و مەولودەکەی مەلای باتەیی و (نهج الأنام)ی مەلا خەلیلی سێرتی(الخالدی، ٢٠١٨، ٣٢٥).

هەرچی گوندی تەرەماخە، ئەوا ماوە و ئاوەدانە و دەکەوێتە دەڤەرێکی شاخاویی سەخت و دژواری سەر بە باژێڕی مۆکس و دەسەڵاتدارانی تورک ناوی(یایلاکۆناک)ی بۆ داتاشیوە و بە نزیکەی بیست کیلۆمەترێک[٧] دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای مۆکسەوە لەسەر رێگای بەرەو هیزان(نیروزە، ٢٠١٦، ١٢٨)، ئەم گوندەوارە لەمێژە مەڵبەندێکی دێرینی کوردەواری و مەکۆییێکی چاند و فەرهەنگی کوردی

بووە و ئەوەندە بەسە بێژین کە شاعیری میللی فەقێی طەیران و حەکیم و نوژدار قوطبی ئەرواسی لە رۆڵەکانی ئەم هەوارەن.

مەردان نەوایی سەردانی گوندەکەی کردووە و دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ نەڤیچرکەکانی تەرەماخی ساز داوە، بە گریمانەی ئەوەی ئەمانە بە ڕاستی نەوەی ئەون، کەچی هیچ زانیارییەکیان لەمەڕ باپیرە گەورەیان نەبووە ئەوە نەبێت گوایا زەوییەکی بەناوەوە دەناسرێت و لەکن خەڵکی گوند پیرۆزە و بۆ چارەسەر زیارەتی دەکەن و نەشیان زانیوە چۆن و بە چەند پشت پێی دەگەنەوە، نەواییش ناچار هەر قسەکانی بایەزیدیی گوتۆتەوە، ناکۆکی سەبارەت بە شوێنی مردن و گۆڕەکەشی هەیە و بایەزیدی دەڵێت لە زێدی خۆی نێژراوە، بەناو نەوەکانیشی کە چ شوێنەوارێکی گۆڕەکەیان لە گوند نەبینیوە و نەبیستووە، بۆیە گوتوویانە لە گۆڕستانی مۆکس نێژراوە( Newayi, 2018, r50-52).

**٣ – مەلا مصطەفا و شەمنەزەر و مەلا موسای هەکاری:**

لە کۆبەندی ئەو دەستخەتانەی وا دەست ئەلیکسەندەر ژابا کەوتوون و کڕیونی یان بەڕادانی داون بۆی بنووسرێنەوە، دەردەکەوێت کە هاوشانی بایەزیدی، شەمنەزەر یان شاە نەزەر و مەلا مصطەفا دوو روونووسکاری چالاک و نەناسراوی دیکەن و هاوکاریی ژابایان کردووە و چەند کتێب و نامیلکەیان بۆ نووسیوەتەوە (رودینکو،٢٠٢٠، ١٥-١٦، ٢١-٢٥، ٣٦، ٤١-٤٥، ٦٧، ١١٠، ١٢٢)، بێئەوەی کەمترین زانیاریی لەبارەیانەوە گوتبێت و بێژێت کێن و کوێندەرین و چ کارەن.

من پێموایە ئەگەر ئەم دووانە حەقیقەتێکیان هەبووایە، ژابا هەر چ نەبایە کورتە پێناسەیەکی دەکردن و بە سووکە ئاماژەیەک ناسنامەیانی خۆیا دەکرد، هەروەها لە دەستخەت و ژێدەرەکانیش بە چەشنی عەلیی




تەرەماخی نەناسراون و هیچیان لەمەڕ نازانرێت، و بەدووری نازانم- ئەگەر نەڵێم دڵنیام- کە هەردووکیان هەر خودی مەلا مەحموودی بایەزیدی بن و رەنگە بۆ رێبزری و خۆپارێزی لە گێچەڵی جڤاکی کوردیی دیندار، بەم دوو ناوە خوازراوەوەش درێژەی بە راپەڕاندنی داواکاری و راسپاردنەکانی ژابا دابێت، ئەوەتا شەە نەزەریش هاوشێوەی ئەو نایهەوێت ناوی لەسەر نووسینەوەکانی ببرێت و ئاشکرا ببێت، نەبادا ناوی بزڕێت و پیاوانی ئایینی پێی بزانن و سەرکۆنەی بکەن بەوەی چۆن کارەکانی لەبۆ خزمەتی کافران دادەنێت، لە دەستخەتەکی(١٠٤) لاپەڕەییش دەربارەی تەصریفی کار لە کوردیدا، نووسەرەوەکەی بە مەلا مەحموودی بایەزیدی و مەلا مصطەفا هاتووە(رودینکو، ٢٠٢٠، ١١٠، ١٢٢). لەمەیش باڵکێشتر بنیاد و شێوازی زمانی فەرهەنگۆکی(بحڤا هنک فرق و جدایی کو دنیڤ لغاتید أکرادان هنە) هاوار دەکات کە بە خامەی بایەزیدی نووسراوە، کەچی بە ناوی شەهـ نەزەرەوە تۆمارکراوە (خەزنەدار، ١٩٨٤، ٣٨٣).

مەلای بایەزیدی لە درێژەی کۆشش و کارەکانیدا، بەمەندەوە نەوەستاوە، بەڵکو هەر لەسەر خواست و راسپاردەی ژابا، رابووە بە ناوی مەلا موسای هەکارییەوە کتێبی (در المجالس)ی لە فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ئەو دانەیەی وا لە بەردەستە یەکانەیە و چ دانەیەکی دیی نییە و بەر لە سێ ساڵ، هەر بە ناوی مەلا موسای هەکارییەوە بڵاو کرایەوە، کە وەک ئەوانەی گۆرین نەناسراوە و لە بایەزیدی بترازێت کەس نازانێت کێیە و ساخکەرەوەی کتێبەکە

هێمن عومەر خۆشناو دەڵێت: تا ئێستاش چ لەناو زانایانی کورددا و چ لەناو ئەو دەستخەتانەدا، هیچ ئاماژەیەک بە ژیانی نەدراوە[٨]. دەستنووسەکەشی هەر بە دەستی بایەزیدی لە مانگی سێی ساڵی١٢٧٤ک/١٨٥٧ز نووسراوەتەوە و خەتەکەی هەمان خەتی کتێبی(تحفة الخلان)ی بایەزیدییە (رودینکو، ٢٠٢٠، ١٨-٢١، پیربال، ٢٠٠٠، ١٩)، هاوکات بیست و یەک حیکایەتی ئەم کتێبە نووسراوەتەوە و بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ژابا کراوە بە فەرەنسی و لێرە نووسەرەوەی ئەم بەشە بووە بە شەهـ نەزەر (رودینکو، ٢١) و فەرهاد پیربال و ساخکەرەوەی کتێبەکە، ناویان بە شێخ نزار خوێندۆتەوە (پیربال، ٢٠٠٠، ١٩، خۆشناو، ٢٠١٩، ١٦)، ئەمە سەرباری لێکچوونی نێوان ئەم کتێبە و بەرهەمەکانی بایەزیدی لەڕووی زمان و شێوازی نووسینەوە کە دواتر دێینەوە سەری.

**٤- صەرفی لیسانی کوردی لە نێوان تەرەماخی و بایەزیدی:**

لە ریزی ئەو دەستخەتانەی وا کونسوڵی رووسیا لە ئەرزەڕوم ئەلێکسەندەر ژابا بە کڕین و دیاری و لەبەرنووسینەوە پەیدای کردوون، دەستخەتی(عیبارەی عەلی تەرەماخی) یان (صەرفی لیسانی کوردی)یە و ساڵی ١٢٧٤ک/١٨٥٧-١٨٥٨ز بە خامەی بایەزیدی نووسراوەو گەڕێندراوەتەوە بۆ عەلیی تەرەماخی[٩] و ژابا لە نامەیەکدا کە رۆژی١٧ی حوزەیرانی١٨٥٨[١٠] لە ئەرزەڕومەوە بۆ رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی جۆهانس ئەلبرێخت بێرنهارد دۆرن(١٨٠٥-١٨٨١ز)ی ناردووە، موژدەی هەبوونی رێزمانێکی زمانی کوردیی پێداوە و خاوەندەکەی کە پیرەمێردێکی هەکاری بووە، هەرچەند ئامادە نەبووە بیبەخشێت، بەڵام گفتی ئەوەی پێداوە دانەیەکی لەبەر بنووسێتەوە و گوایا ئەو دەمە کەسانێک وا خەریکن دەینووسنەوە و لەگەڵ نامەکەدا پێشەکیەکەی تەرەماخیی هاوپێچ کردووە، پاش هەشت مانگ و نیوێک و لە رۆژی ٢-




٣-١٨٥٩دا و لە بەرسڤی نامەیەکی دۆرن دا، ژابا ئەوەی روون کردۆتەوە کە رێزمانەکەی تەرەماخیی ئامادەیە، بەڵام بێکەڵکە و پێویست ناکات وەربگێڕدرێتە سەر زمانی فەڕەنسی و ئومێدەوارە ئەوەی کن پیرەمێردەکەی هەکاری پەیدا بکات و وەری بگێڕێت (خزندار، ١٩٧٨، ٣٩-٤١، پیربال، ٢٠٠٠، ١٥، لێگزنبێرگ، (بێ ساڵ)، ١)، دواتر لە کتێبێکی کە بە فەڕەنسی ساڵی ١٨٦٠ دەرچووە، لەم رێزمان- صەرفە دواوە و گەڕاندوویەتیەوە بۆ تەرەماخی، بێئەوەی بڵاوی بکاتەوە و تەنها پێشەکیەکەی و دوو گوتاری دیی بایەزیدیی بڵاو کردۆتەوە(تەرەماخی، ١٩٧١، ٩-١٠، پیربال، ٢٠٠٠، ٩٠-١٦٢)، شایەنی باسە فەرهاد پیربال ئەم دوو گوتارەی بە بەرهەمی پیوتەر لێرخ داناوە، بەڵام بە زمانەکەیا ئاشکران کە هەر بایەزیدی ئامادەی کردوون. لەم دوو نامەیە، چەند راستییێک خویا دەبن:

- بایەزیدی و ژابا سەرەتا وا تێگەهیشتوون کە تەصریفەکە لەبارەی رێزمانی کوردییەوەیە نەک عەرەبی و ناویان ناوە صەرف یان گرامەری لیسانی کوردی.

- بایەزیدی بەرلەوەی دەستخەتی صەرفەکە ببینێت و دانەیەکی لێ پێکەوەبنێت، پێشەکیی بۆ ئامادە کردووە و داویەتی بە ژابا و تیایدا لەخۆیەوە تەرەماخیی ناساندووە.

- ژابا وەک بڵێی زانیویەتی ئەوەی بایەزیدی پێکەوەی ناوە سەبارەت بە رێزمانی کوردی نییە و ناچێتە چوارچێوەی کوردناسییەوە و خزمەت بە سیاسەت و بەرنامەی دەوڵەتی رووسیا ناکات بۆ زیاتر

ناسینی کورد و ئاشنابوون بە زمانەکەی و گومانیشی نەشاردۆتەوە کە رەنگە ئەوەکەی لای پیرەمێردەکە نەبێت کە وا چاوەڕوان دەکرێت - ئەگەر هەبووبێت- دەربارەی رێزمانی کوردی بێت و ئەویش هەر دەنگۆی وای لەبارەوە بیستووە، بۆیە قەناعەتی بەوەی بایەزیدی نەهێناوە و چاوەڕێ و ئاواتەخواز بووە خاوەندی تەصریفەکە رۆژێک لە رۆژان لە هەکارییەوە بهێت بۆ ئەرزەڕووم تا دووبارە تکای لێ بکاتەوە، بەڵکو دڵی نەرم ببێت و دەستخەتەکەی پێشکەش بکات(تەرەماخی، ١٩٧١، ٨-٩؛ خزندار، ١٩٧٨، ٣٨-٤٤)، شایەنی باسە سەرچاوەمان لەسەر ئەم نامانە تەنها وەرگێڕانەکەی د. مارف خەزنەدارە.

- وادیارە ژابا ئاواتەکەی نەهاتۆتەدی و دەستخەتە راستەقینەکەی- ئەگەر هەبووبێت- دەست نەکەوتووە، بۆیە ئەوەکەی بایەزیدی ناڕاستەوخۆ بە قەڵب لەقەڵەم داوە و بە بێنرخی داناوە و ئەندامانی ئەکادیمیای رووسییش پشتگوێیان خستووە و بڕیاری بڵاوکردنەوەیان نەداوە، چونکە وشە کوردییەکانی لە فەرهەنگە کوردی- فەڕەنسیەکەی ژابا تۆمار کراون.

هەر لە رێگای کتێبەکەی ژاباوە، ف. ف. مینۆرسکی(١٨٧٧-١٩٦٦) لە ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامی-ساڵی ١٩٢٧[١١] و بلەج شێرکۆ- ئەحمەد ثورەیا بەدرخان- بە هەبوونی تەرەماخی و تەصریفەکەیان زانی و لێی دواون و دووهەمیان تەرەماخیی بە تەرموکی وەرگێڕاوە ( بلەج شیرکو، ١٩٨٦، ٣٣)، ئەمجا لوسی پول مارگریت و ک. أ. ب– کامیران ئەمین عالی بەدرخان (١٨٩٥- ١٩٧٨) –کردیان بە شاعیری نەتەوەیی و لە ژێر رۆشنایی ئاخافتنەکەی ژابا، چەند پارچە شیعرێکی نیشتمانی و شانازی و ئەڤینداریيان بۆ چێکرد و بڵاویان کردەوە و سەردەمیشیان لە سەدەی دەهەمی کۆچی، بە دەهەمی زایینی لێکدایەوە(لوسی پول مارگریت، ١٩٣٩، ١٤-٢٧)[١٢]، دواتریش محەمەد ئەمین زەکی(١٨٨٠-

١٩٤٨)(خلاصة تأريخ الكرد وكردستان، ١٩٣٩، ٣٥٣)[١٣] و توێژەران و مێژوونووسانی دیی کورد زیاتر ناویان هێنایە ناوەوە و ئەم هەڵە و نەتێگەهیشتنەیان گوتەوە و بڕوایان بە رەسەنی و رەوانیی شیعرەکانی هێنا و کردیان بە رێبەری نەتەوەیی ئەدەبی کوردی[١٤]و رۆدینکۆیش کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەم هەڵەشەییە، وەلێ دواتر گومانی لە رەسەنیی شیعرەکان دەربڕیوە (رودينكو، ٢٠٢٠، ١٠١، رۆدینکۆ، ٢٠٢٠، ٥١-٥٢). ئەوەبوو تا هات تەرەماخی گەورە و پڕبەرهەم کرا و بە وەرگێڕ و شرۆڤەکاروموفەسیر دانرا و گوایا بە کوردی شەرحی (تصريف العزي) ی زنجانی کردووە (نیروزە، ٢٠١٦، ص١٣٧)و ئاشکرایە ئەم شەرحەی بە ناوییەوە هەڵ بەستراوە، دەقەکەی زۆر نوێیە وساڵی ١٩٥٩ نووسراوە، جگە لەمە گوایا تەفسیرێکی قورئانیشی هەیە(Newayi, 61 _- 62.).

ساڵی ١٩٧١ دکتۆر مارف خەزنەداربێ لەبەرچاوگرتنی هەڵوێست و سەرنجی ژابا دەربارەی صەرفە پێکەوەنراوەکەی بایەزیدی کە بەخۆی یەکەم کوردە دیتوویەتی و وەری گێڕاوە و بێ رەچاوی -خۆی گوتەنی- ئەوەی کە " گەلێ پرس لە زمان و ئەدەب و مێژووی کورددا هەن دەبێ لێیان بکۆڵرێتەوە، چەوتی و هەڵە و رووداوی دروستکراو گەلێ زۆرن، دەبێ راست بکرێنەوە و روون بکرێنەوە"، ئەم صەرفەی گەڕاندەوە بۆ عەلیی تەرەماخی و بە لێکۆڵینەوە و لەسەرنووسین و بە ناوونیشانی (دەستووری زمانی عەرەبی بە کوردی) بڵاوی کردەوە، هەرچەند لێرە و پێشتریش لە نامەیەکیدا بۆ د. عزالدين مصطەفا رەسول(رسول، ٢٠١٠، ٥٣-٥٤) ناوی دروستی تەرەماخی و ناوەڕۆکی کتێبەکەی ئاشکرا کرد و سەرلەبەری ئەم دەنگوباسە نادروستانە لە"قسەی زل و قەڵەوی بێ مانا"ی رەتکردەوە (تەرەماخی، ١٩٧١، ١١، ١٦).

ئەمەش دەنگێکی باشی لەنێو توێژی ئەدیبان و رۆشنبیرانی کورد دایەوە و گرنگی و پویتەی زۆری پێدرا و تەرەماخی بە یەکەمین رێزماننووس و پەخشاننووسی کورد ناسێنرا(١٥) و زین العابدین زنار ساڵی ١٩٩٧ لە ستۆکۆڵم کردی بە کرمانجی و پیتی لاتینی و کوردناسی هۆڵەندی مکاییل لیزنبێرگ، لیکۆڵینەوەیەکی پڕ زانیاری و تێروتەسەلی لەبارەوە نووسی و پلە و پێگای بڵندی تەرەماخی و رۆڵی لە خزمەتکردنی پرۆسەی خوێندن بە کوردی وبردنی لە شێوە زمانێکی ناڕەسمییەوە بەرەو بوون بە زمانی خوێندن و نەشونماکردنی هەستی نەتەوایەتی خستەڕوو (لێزنبێرگ، بێ ساڵ، ٧-٩) و لەم ساڵانەی دواییشدا توێژەرانی کوردستانی باکور و نەخاسمە لە بەشی کوردیی زانکۆی ماردین، پتر بایەخیان پێدا و نامە و ڤەکۆڵینی ئەکادیمییان لەبارەوە ئامادە کرد، لەوانەش مەردان نەوایيو نیرۆزە مەحموود و چەندانی دی(Newayi, 20_22.) ، هەرچەند ئەمان پتر ناواخنی تەصریفەکەیان شیکردۆتەوە، بەڵام لە گشت ئەم کار و نووسینانەی سەرەوە کەوا لە ماوەی ئەم نیو سەدەیەی دوایی(١٩٧١-٢٠٢١) ئەنجام دراون، کەس ئیشی لەسەر لایەنەکانی زمانەوانیی خودی نامیلکەکە نەکردووە و گومانی لە خاوەنداریتیی دەرنەبڕیوە تا لە رێگایەوە سەردەم و شوێنی دانان و ناسنامەی دانەرەکەی بدۆزێتەوە، ئەو کارەی وا ئێمە لێرە هەوڵ دەدەین بیکەین.

**٥- دەرکەوتنی پەخشانی کوردی:**

بایەزیدی وەک گوتمان لەخۆیەوە مێژووی دانانی صەرفەکەیی بۆ پاش ساڵی ١٠٠٠ک/١٥٩٢ز خەمڵاندووە، ئیدی ئەمە چەسپا و هەمووان پەسندیان کرد و بە دەستپێکی سەرهەڵدانی پەخشانی کوردی جێگیر کرا، تەنها مکاییل لیزنبێرگ ئەم خەمڵاندنەی لا پەسند نییە و بە مەزندە پاشی دەخات بۆ کۆتاهی سەدەی حەڤدەهەم و سەدەی هەژدەهەم (لیزنبێرگ، بێ ساڵ، ١).

بێ گومان کرمانجیی سەروو لە دەستپێکی سەردەمی عوسمانییەوە برەوی سەند و لە سەرزارییەوە گوازرایەوە سەر کاغەز و کرا بە زمانی نووسین، میر یەعقوب بەگی کوڕی محەمەد بەگی زەرقی(م: ١٥٧٨ز) خاوەندی قەڵای دێرزینی شاعیر بوو و دیوانێکی شیعری کوردیی هەبوو (البدلیسی، ٤١٥)،ئەم زارە تا دەهات گەشەی دەکرد و رادە و سنووری بەکارهێنانی فراوانتر دەبوو، بەڵام پتر لە سەدەی هەژدەهەم پەرەی سەند و هاوتەریبی گۆرانی- هەورامی و کرمانجیی خواروو، ژمارەیەک لە داستانە ئەڤینداریە بەناوودەنگەکانی کەلتووری ئیسلامی و مەولودنامە و عەقیدەنامە و نامیلکەی فێرکاری و ئامۆژگاریی پەندئامێزیان پێ نووسرا، وەک: (مەهدینامە)ی ابن الحاج و (مەولودنامە) ی مەلای باتەیی و(نادر نامە) و (گوربە و موش)ی ئەڵماس خانی کەندولەیی و (تذکرة العوام)ی مەلا حەسەنی سێوەجی و (لەیلا و مەجنوون)ی حارسی بەدلیسی و (یوسف و زولێخا)ی سەلیمی هیزانی و (رۆڵە بزانی) و (دەوڵەتنامە)ی مەلا خدری روودواری و(شرین و فەرهاد) و (لەیلا و مەجنوون)ی خانای قوبادی و فەرهەنگۆکانی (گوڵزار)ی ئیسماعیلی بایەزیدی و (ئەحمەدیە)ی شێخ مەعروفی نۆدێ...هتد، ئەمانەش هەرچەند بە پەخشان زیاتر سوودبەخش دەبوون و باشتر ئامانجی خۆیان دەپێکا، بەڵام هەر بە هۆنراوە(نظم) دانران و مەلا و زانایانی کورد هێشتا ئەو هەنگاوەیان نەنابوو کوردی بکەنە زمانی پەخشانیش کە هەر بە فارسی مابووەوە و ئەمە حەقیقەتێکە پێتڤی بە بەڵگە هێنانەوە ناکات( گارزونی، ٢٠١٥، ١٥؛ ٣٣، بایەزیدی، ٢٠١٢، ٧١) وەرچەرخان لەم راهاتنە تەکانێکی گرنگ بوو بۆ سەدەی پاشتر دواکەوت، نەک هەر ئەمەندە بەڵکو گشت جۆرە پەراوێز و لێدوانێکی سەر شیعر و دیوانی شاعیرانی کورد تا سەرەتای سەدەی رابردوو هەر بە فارسی یاداشت کراون و ئەگەر بڕوانینە گەنجینەی ئەدەبی کوردی، دەبینین چ ناساندن و وەصفی شیعر و

بۆنەی گوتنی و کۆلۆفۆنی دیوانی شاعیران و کەشکۆڵەکان هەن، زیاتر بە فارسی و کەمتر بە عەرەبییە، ئەگەر ئاگاداری ئەوەش بین کە سێ زانای کورد: (صالحی کوڕی جوبرائیل، جەرجیسی ئەڕبیلی، یەحیای مزوری)، شیعری کوردیی مەلای جزیرییان بۆ میرانی کوردی ئامێدی بە فارسی راڤە کردووە[١٦]، ئەوجا لە واقیعەکە تێدەگەین و دڵنیا دەبین لەوەی کە ئەهلی خامەی کورد هێشتا ئەوەیان بەبیر نەهاتووە زمانی زگماکی خۆیان بکەنە زمانی پەخشان، دیارە ئەمەش تەنها پەیوەست نییە بە سروشتی جڤاکی کوردی و هەلومەرجی ناوخۆی کوردستانەوە، بەڵکو گرێش دراوە بە گۆڕانکارییە دەرەکییەکان، لەمبارەیەوە شارەزایان پێیانوایە کە "ئیدیۆلۆژەیە تازە زمانییەکان کە زمانە زارەکییە خۆجێیەکانیان بەرز کردەوە لە ئاست زمانە نووسراوە دنیاگرەوەکان بریتین لە یەکێک لە تازەکارییەکانی سەدەی هەژدەهەم" (لیزنبێرگ، ٨-٩)، موکری لە پێشەکی(الهدیة الحمیدیة)، ٢٠١٨، ٢٠)، بە ئاخافتنێکی دی نووسینی ژانرێکی ئەدەبی بە زمانی کوردی بە دەر لە شیعر و هۆنراوە، ئەستەمە بەر لە سەدەی نۆزدەهەم سەری هەڵدابێت، چ جای نووسینێکی زمانەوانی. راستە مەلا یونسی حەلقەتینی لە سەدەی هەژدەهەم ژیاوە، وەلێ لە نامیلکە کوردییەکانی کە دەربارەی نەحو و صەرفی عەرەبین، بە ئەستەم هەست دەکەیت بە کوردین و ناهەقیشی نەبووە.

من وای بۆ دەچم ئەو صەرف- تەصریفەی لای پیرەمێردەکەی هەکاری بووە و وا زانراوە دەربارەی رێزمانی کوردییە و دراوەتە پاڵ عەلیی تەرەماخی، هەر تەصریفەکەی مەلا عەلیی کوڕی شێخ حامیدی شێخانی شنۆیی(م: ١١٥٢ک/١٧٤٠ز)بووە کە گەلێک بەربڵاو و بەکاربراو بەڵکو ناودارترین کتێبی مەنهەجی بوو لە قوتابخانە و حوجرەکانی کوردستان و دەیان دانەی لێ ماونەتەوە[١٧] و چەندین شرۆڤە و لێکدانەوەی لەسەر ئەنجام دراوە[١٨].

ئەم تەصریفە بە تەصریفی کوردییش دەناسرا و لەپاڵ دوو سێ کتێبی مەنهەجیی دیدا، هەرچەند بە عەرەبی نەک بە کوردی نووسرابوون، وەلێ بە پاساوی ئەوەی هەم دانەرەکانیان کوردبوون و هەم لە مزگەفت و قوتابخانەکانی کوردستان دەخوێنران و دەستاودەستیان پێدەکرا و هەم مەلایانی زانا و زمانەوانی کوردیش راڤە و پەراوێز و لێدوانیان لەسەر نووسیبوو، بە ناوی کوردەوە لکابوون، لەو کتێبانە، (شرح المغنی فی النحو)ی بدرالدین محەمەدی کوڕی عبدالرحیمی کوردی میلانی(م: ٨١١ک /١٤٠٨ز) کە بە(مغني الأكراد) و تەفسیری(منقول التفاسیر)ی یوسفی ئەصەمی کەلاسی سەردەشتی سوهرانی- سۆرانی(یوسف الأصم: م١٠٠٢ک /١٥٩٤ز) بە (منقول الأكراد) دەناسران، هەروەها تەرکیبەکەی مەلا یونسی حەلقەتینی بە تەرکیبی کوردی ناودەبرا[١٩] و زۆر رێی تێدەچێت بایەزیدی بۆ راییکردنی خواستەکەی ژابا نووسیبێتی و گەڕاندبێتیەوە بۆ مەلا عەلیی تەرەماخی و ناوەڕۆکی تەصریفەکەش ئەم گریمانەیە پتر پشتڕاست دەکەنەوە.

لە لایەکی دییەوە، لە سەرلەبەری تەصریفەکەدا، بچووکترین ئاماژە و سەرەداو نییە دەربارەی کات و شوێنی دانانی و ناسنامەی خاوەندەکەی، ئەمەش بەپێچەوانەی نەریتی باوی دانەران و ناسخانەوە کە هەرگاڤ کۆلۆفۆن و زانیاریی پێویستیان لەمبارەوە لە دوا لاپەڕەدا یاداشت دەکرد، لەبریی ئەمە بە بەیتێکی تورکی کۆتایی بە دەستخەتەکە هێنراوە و گوزارشت لەوە دەکات کە زانستی صەرفی عەرەبی بەلای زمانەوانانی تورکەوە قورس و ئالۆزە و خوێندن و گوتنەوەی، هۆشیاری و سەرێکی ئاسنینی دەوێت:

صرفنك اعلالی چوقدر بر دمیردن باش کرک
اقویان در اک کرک یا اقـودان قـرداش کرک

(تەرەماخی، ١٩٧١، ٥٤).

پرسیار لێرە ئەوەیە، ئەریٚ مەلایەکی کرمانجی سەدەی حەڤدەهەم، واتا تەرەماخیی پەروەردەی ناوچەرگەی کوردستان و شارەزا لە زمان و ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی- بە گریمانەی هەبوونی-، کە رەنگە کۆلکە تورکییێکیشی نەزانیبێت، چۆن بەو رادەیە شارەزایی لە تورکی و ئاگای لە زمانەوانانی تورک هەبووە و لەوبارەوە بەیتێکی تورکییشی لەبەر بێت، ئەوەی ئاشکرا و زانراوە، تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم و پاش لەناوبردنی دەسەڵاتی خۆجێیی میرانی کورد و سەپاندنی دەسەڵاتی راستەوخۆی عوسمانی، ئەوجا تورکی وەک زمانی فەرمیی دەوڵەت لە کوردستان تەشەنەی کرد و لەپاش عەرەبی و فارسی و کوردی، بەرەبەرە بووە زمانی چوارەمی نووسین، لەوەدا تەواو هاوڕا و پشتگیری لێزنبێرگم کە دەڵێت فەقیٚ و خوێندکارانی کوردی قەڵەمڕەوی عوسمانی، هەمیشە لە موصڵ و بەغدا و دیمەشق و مەککە و مەدینە، واتا ناوەندە زانستییە عەرەبییەکان، نەک ناوەندە تورکیزمانەکان، درێژەیان بە خوێندن و فێربوون دەدا (تەرەماخی، ١٩٧١، ٢٦؛ لیزنبێرگ، ٩). ئەوە بایەزیدییە کە خۆیشی دەیزانی " دنیڤ ئەکراداندا مەکتوب و کاغزێد وان(فارسی العبارة) دبن و خواندنا تورکی و زمانیٚ تورکی کێم دزانن و کتێبێد زمانیٚ تورکی لنک وان موعتەبەر نینن" (بایەزیدی، ٢٠١٢، ٧١)، و هەر خۆیەتی لە تورکی بەڵەد بوو و بە رەوانی دەیزانی و لە (تحفة الخلان) دا، چەندین رستە و بڕگەی تورکیی هێناوەتەوە و کورتە فەرهەنگێکی کوردی- تورکی داناوە، روونە هەر ئەویشە گوێبیستی ئەم بەیتە بووە و هێناویەتیەوە.

### ٦- مژاری زمان لە تەصریفی تەرەماخی و (در المجالس) ی مەلا موسای هەکاری:

ڤەکۆلەر ئەگەر بە وردی و قوولی کاری دیڤچوون و پشکنین لەسەر دەقێک بکات و پابەندی مەرجەکانی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی ببێت و قۆلی ڕاستبێژی و بێلایەنیی لێ هەڵبکات، دەشێت ڕۆژگاری دانان و خاوەندی ڕاستەقینەی شیعرێک، پەخشانێک، کتێبێک بناسێتەوە بەو پێیەی هەر یەکەو خاوەند شێواز و ستایل و کەرەستەی زمانەوانی و گەنجینەی پەیڤ و وشەدانی تایبەت بە خۆیەتی و لە چ کایەییێک بنووسێت و چەند بکۆشێت، ناشێت یەکجارەکی خۆی دەرباز بکات لە باندۆری ئەو شەقڵ و فۆرمەی کە لەسەری ڕاهاتووە و دەقی پێوە گرتووە و ئاستەمە نووسەرێک بکارێت بەزیاد لە شێوازێک داهێنان بکات، بەم ڕێگا زانستی و پراکتیکیە، پرسگەلێکی ئاڵۆز لە مێژووی چاند و ئەدەبیاتدا، ڕۆشنا و ساخ کراونەتەوە، لێرە دوو نموونە دەهێنمەوە:

- شاعیرێکی صۆفی لە سەردەمی ئەیوبی، چامەیەکی هۆنییەوە و لە خەلوەتگاکەی جێی هێشت، دواتر یەکێکی دی لە خەلوەتگاکە گیرسایەوە و چامەکەیی دیتەوە و بردی و خۆی کردە خودانی، پاشان شاعیری یەکەم گەڕایەوە و بە دزییەکەی کابرای زانی و کێشە و دەمەقاڵە کەوتە نێوانیانەوە و دادیان بردە لای شاعیر و صۆفیی ناودار (ابن الفارض: م٦٣٢ک/١٢٣٤ز)، ئەویش پێی گوتن بڕۆن هەریەکەو لەسەر هەمان کێش و بەحر چامەیەکی دی بهۆننەوە، ئەوانیش وەهایان کرد و گەڕانەوە کنی، ئەویش پاش خوێندنەوەی هەردووکی، دەمودەست ڕاستیی پرسەکەی یەکلا کردەوە (المشوخي، ٢٠٠١، ١٧٢).

- لەمێژە مشتومڕێکی توند و درێژخایەن لەئارادایە و تا هەنووکەش بەردەوامە لەبارەی ئەوەی ئەرێ قەصیدەی بەرز و بەناوودەنگی(لامية العرب)، بە ڕاستی دەگەڕێتەوە بۆ شاعیر و صەعلوکی جاهیلی(الشنفری: م٥٢٥ز) یان هەوالژانی سەردەمی عەباسی

(خلف الأحمر: م١٨٠ک/٧٩٦ز) بۆی هەڵبەستاوە؟، تا لەم دواییەدا، د. باسم ئیدریس قاسم هاتە دەنگ و بە گیانێکی بێلایەنانە لەم مژارەی کۆڵیەوە و رابوو بە هەڤبەرکردنی چامەکە لەگەڵ شیعرەکانی (خلف الأحمر) و بە بەڵگەگەلێکی گومانبڕەوە سەلماندی کە چامەکە زادەی هزر و زمانی هەواڵزانی ناوبراوە کە لای هەموو شارەزایانی شیعری عەرەبی بە چێکردن و هەڵبەستن- ئینتیحالی شیعر ناوی زڕاوە (قاسم، ٢٠١١، ١٦٥-١٨٧).

دێینەوە سەر مەلاعەلیی خەڵکی گوندی تەرەماخی ناوچەی مۆکس و دەڵێین ئەگەر دانەری ئەم صەرف- تەصریفە بایە، دەبوو بە زارەکەی خۆی هەکاری دایبنایە، بە هەمان شێوەش ئەگەر مەلا موسای هەکارییش وەرگێڕی(در المجالس) بایە، دەبوو ئەویش هەر بە هەمان زار وەری بگێڕایە، دیارە دەڤەری مۆکس و وان لە رووی مێژوویی و کەلتووری و زمانەوە سەر بە وڵاتی هەکاری بوون (بایەزیدی، ٢٠٠٤، ١١٠؛ Newayi, 2018, 50) و قەڵای وان و وەستان سەردەمانێک کرانە بارەگای میرانی هەکاری، کەچی بنزار- دەڤۆکی رەوەندی واتا بایەزیدی و سەرحەدی بەسەر ئەم دوو کتێبەدا زاڵە، ئەگەر نەڵێین دروست بەو داڕێژراون، ئەم راستییە سەرنجی مەردان نەوایی راکێشاوە و وا پینەی کردووە کە گوایا تەرەماخی لە زۆر شوێنان خوێندوویەتی و ئەمە و زمانی خوێندنی مەدرەسەیانە، باندۆریان لە زمانەکەی جێ هێشتووە و ناوچەی مۆکسیی زێدیشی لەسەر سنووری نێوان هەکاری و سەرحەدانە (Newayi, 2018, 63_-64).

بێگومان جیاوازیی نێوان ئەم دوو بنزارە لەو زیاترە و هەندە کەم نین و مەلای بایەزیدی بەخۆی فەرهەنگۆکێکی لەمبارەیەوە سازداوە و بە کورتی لە جیاوازییەکان دواوە[٢٠]، لە کۆتاهی کورتکردنەوەی (لەیلا ومەجنوون)ی حارسی بەدلیسی(سەدەی١٢ک/١٨ز) بە پەخشانیش،

ناڕاستەوخۆ دان دەنێت بەوەدا کە دەڤۆکی خۆی ڕەوەندییە و دەڵێت کردم بە"لیسانێ ڕەوەندی"(بایەزیدی، ٢٠٢٠، ٦٤).

جوداوازیی نێوان ئەم دوو بنزارە، تەنها لە سنووری وشە و ناو ڕانەوەستاوە، بەڵکو وشەسازییش دەگرێتەوە و دیارترینیان گۆڕانی ئامرازی(ێن)ی کۆیە لە هەکاری بۆ(ێد) (الخالدي، ٢٠١٨، ٥٩) لە ڕەوەندی، وەک ڕوونە لەکن شاعیرانی دێرینی کرمانجی، هەردەم (ێن) دهێت[٢١]، بۆ نموونە لەو تاکە شیعرەی میر عیمادەدینی هەکاری-صەبوری(م: ١٦٣٩ز)، وشەکانی(گۆشێن، عەظمێن، بەلگێن، نێرگزێن، خالێن) و لە مەولودنامەی مەلا حوسێنی باتەیی[٢٢] و لە شیعرەکانی محەمەد طەیاری ئامێدیی بەهدینانی (م: ١٨٢١؟) و (نهج الأنام)ی مەلا خەلیلی سێرتی(م: ١٨٤٣ز)، چەندین وشەی کۆ هەر بە (ێن) هاتوون (سێرتی، ٢٠١١، ٢٢-٢٣، ٢٥، ٣٦-٣٧، ٤٨، دێرەشی، ٢٠١٤، ١٧-٣٣؛ دۆسکی، ٢٠١٩، ١٥١-١٦٥)، کەچی لای شاعیران و نووسەرانی سەر بە گۆڤەری ڕەوەندی، بە(ێد) دهێت، وەک چۆن لە (مەم وزین) و (عەقیدەیا ئیمانێ)ی ئەحمەدی خانی (خانی، مەم و زین، ٢٠٠٨، ١٠٤، ٤٣١، خانی، ٢٠١٤، ٧٦) و سەرجەم دانراو و کورتکردنەوە و وەرگێڕانەکانی مەلا مەحموود کە هەردووکیان بایەزیدین هاتووە، بەڵاممەلای بایەزیدی بەزۆری ئەم ئامرازە بەکاردەهێنێت و بگرە جاری وا هەیە بێ چ پێویستییەک وشە بە (ێد) بەکۆتا دێنێت. لە تەصریفەکەی تەرەماخیش-دەستووری زمانی عەرەبی، لاپەڕە نییە جارێک یان زیاتر، وشەیەک یان زیاتر لە وشەکانی (ئەصلێد، جەمعێد، جنسێد، کتێبێد، موعتەبەرێد، ضەمیرێد، موفرەدێد، فعلێد، نیشانێد، لوغەتێد، مۆنەثێد، موذەکەرێد، موضارعێد، کەلامێد، ژنێد، زمانێد، زاروکێد، میثالێد، صیغەێد، موبتەدیئێد...هتد)ی تێدا نەهاتبێت (تەرەماخی، ١٩٧١، ٢٩-٣٠، ٤٨، ٥٣)، لە (در المجالس)یش بەهەمان شێوە، هەردەم(ێد) نیشانەی کۆیە،

دەکرێت ئەمەش بە بەڵگەیەکی بەراهی هەژمار بکرێت کە دانەرەکەی مامۆستایەکی بایەزیدی و رەوەندییە نەک هەکاری.

### ٧- لێکچوونی نێوان زمانی تەصریفی تەرەماخی و(درالمجالس) و زمانی بایەزیدی:

راستە ئەو بەڵگە و نیشانانەی وا باسکران زیاتر بەرەو ئاراستەی ئەوە دەچن کە رەنگە تەرەماخی حەقیقەتی نەبێت و داهێنراوی خەیاڵی بایەزیدی بێت، یان ئەگەر هەبێتیش، ئەوا ئەم نامیلکەی صەرفی عەرەبییە چ پەیوەندییەکی پێیەوە نەبێت، بەڵام هەرگیز رەها و یەکلاکەرەوەی نەبوونی و خاوەندرایێتیی نامیلکەکە نین و مەرج نییە ئەگەر باسوخواسی کتێبێک نەهاتبێت، نەبوونی بگەهێنێت و ژمارەی ئەو کتێبە دروستانە زۆرن کە پێش دۆزینەوەیان ناویان نەبراوە، یان ناونەبردنی نووسەرێک هەرگیز بەس نییە بە نەبوو و هەڵبەستراو دابنرێت. بۆیە پێتڤیە ئێمە رۆبچینە ناخی پەیڤ و رستەکانی تەصریفەکەوە و هەڤبەری بکەین بە زمانی بەرهەمە جۆربەجۆرەکانی بایەزیدییەوە کە لە ئاکامی خوێندنەوەیان، تا رادەیەکی باش ئاگادار و شارەزای زمان و شێوازی بووینە و تا بە خاوەندی راستەقینەیی تەصریف- صەرفی لیسانی کوردی ئاشنا ببین.

وەک ئاشکرایە و هەموومان دەیزانین، دوو کەسی هاودەم و هاوشار، بگرە دوو نووسەری گۆشکراوی یەک خێزان و ژینگەش، ئەگەر زار و بنزار و گۆڤەریشیان تەواو چوونیەک بێت، ئەوا هەرگیز بنیادی زمان و چۆنیەتی داڕشتنی رستە و بڕگە و ریزکردنی وشە لە نووسینەکانیان وەکیەک نییە و کەم یان زۆر جیاوازی هەیە و هەر نووسەرێک خودان شێواز و ریتمی خۆیەتی لە پرۆسەی نووسیندا، تەرەماخی وەک باسکرا، بە خەڵکی گوندێکی مۆکسی وڵاتی هەکاری دانراوە و بە گوتەی بایەزیدی کە تاکە کەسە دەیناسێت، لە پاش

ساڵی١٠٠٠ک/١٥٩٢ز ژیاوە کە دەشێت بە سەدەی ١١ک/١٧ز بیخەملێنین و بایەزیدی بە خۆیشی خەڵکی ناوچەی بایەزیدی سەرحەدە و کوڕی سەدەی ١٣ک/١٩ز یە، ئەمەش ئەو راستییە خویا دەکات کە دوو سەدەیەک لە نێوانیانە و دووریی نێوان زێد و دایکزایان سەدان کیلۆمەترە، واتا نە هاوزێد و خەڵکی دەڤەرێکی هاوزار و گۆڤەرن و نە هاودەمی یەکدییشن، کەچی جوداوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان تەصریفەکە و کتێبەکانی بایەزیدی نییە لە رووی دەڤۆک و شێواز و بنیادی رستە و کەرەستەی زمانەوە، وەک لەم خاڵانەدا دەیانخەینەڕوو:

- یەکێک لە سیما هەرە بەرچاو و دیارەکانی زمانی بایەزیدی ئەوەیە کە ئەو وشە عەرەبیانەی بە کۆی تەکسیر(جمع تکسیر)بەکاریان دەهێنێت، وەک تاک سەرەدەرییان لەتەک دەکات و جارێکی دی دەیانکاتەوە بە کۆ، وەک: (تەوایفێد، ئەکرادان، ئەلسینەییێد، ئەمسالێد، ئەفعالێد، ئەلفازێد، ئەعیانان، عالەمێدانێ، کرمانجیدانێ، ئەشیاییێد، داوەتیاندانێ، ئەترافێد، قەبائیلێد، ئەشعاران، ئەعیانان، زەمانێدانێ، وەڵاتاندانێ، ئەبیاتێد، ئەتباعێد...هتد)، راستە ئەحمەدی خانییش لە مەم وزین گوتوویەتی:

ئەنگوشتەرێ د وان جوانان کێشان ژ ئەصابعێد خودانان

خاتەم ژ ئەناملێد خوە کێشان دانینە جهان ژ بوویی نیشان

(خانی، ٢٠٠٨، ١٠٣).

بەڵام ئەم حاڵەتە زۆر بە زەقی و زیاد لە پێتڤی لە لای بایەزیدی هەیە و بە راشکاوی لە سەرجەم بەرهەمەکانی بەدی دەکرێت و بۆتە سیمایەکی هەڵاوێردن و جیاکردنەوەیان و خوێنەر بە ئاسانی شێواز و زار و بنزاری دەناسێتەوە[٢٣]، تەنانەت جاروبار وشە کۆیەکە دوو کەڕەتی دی دەکاتەوە بە کۆ: (نەوادیراتێد، لەوازماتێد)، دەبینین هەمان دیاردە کوتومت لە تەصریفەکەی تەرەماخی بەرچاو دەکەوێت: (ئەلفاظێد، حروفێد، مەصادرێد، ضەمائیرێد، عەلاماتێد، ئەقسامێد،

ئەفعالێد، ئەمثالێد، ئەسمایێد) (تەرەماخی، ١٩٧١، ٢٩، ٣٤، ٣٧-٣٨، ٤١-٤٢، ٤٧-٤٩، ٥١)، هەروەها لە (در المجالس)ی مەلا موسای هەکارییش: (ئەترافان، ئەهالیێد، وزەرایێد، موعجیزاتێد، حوکەمایێد، ئەوراقێد، جەوارییێد، ئەتباعێد، ئەعیانێد، ئەکابیران، فصولێد، ئەسبابێد، لەوازیمات، تەواریخان، تەواریخێد، ئەخباران، کوتبێد، ناقیلانێد، ئومەرایێد...هتد)بەدی دەکرێت (هەکاری، ٢٠١٩، ٤١، ٥٤، ٥٨، ٦٠-٦١، ٦٤، ٦٨، ٧١، ٧٧-٧٨، ٨١-٨٢، ٩٠، ١٠٦، ١١٣، ١٢٢، ١٣٢، ١٣٨، ٢٣٣).

- جاروبار نەبێت وشەی (کورد) بەکار ناهێنێت و بە شێوەکی گشتی و گەلێک بە چڕی وشەی (ئەکراد) دەنووسێت و تەنانەت لە ناوونیشانی دوو کتێبیشی هەر وای کردووە:(عادات و رسوماتنامە ئەکرادیە) و (ترجمە لەیلا و مەجنوونێ تورکی ب زمانێ ئەکراد و کرمانجی)، لەمەیش سەیرتر گەلێک جاریش وشەی(ئەکراد) وەک دەهان پەیڤی دی، بە تاک دەژمێرێت و دەیکات بە کۆ (ئەکرادان) ، وەک ناوونیشانی نامیلکەی (بحثا هنک فرق و جدایی کو دنیڤ لغاتید أکرادان هنە) یان وەک: (تەوایفێد ئەکرادان) و (کاففەیێ ئەکرادان)[٢٤] و (دنێڤ ئەکرادان) و (ددایە ئەکرادان)...هتد[٢٥] و لە کتێبی(عادات و رسوماتنامە) سەدان جار و لە پێشەکیی فەرهەنگۆکی هەکاری- رەوەندی و چل حیکایەتەکەیی، دەهان جار(ئەکراد) و (ئەکرادان)ی بەکار هێناوە[٢٦] و تەنها لەپێشەکییەکەی (دەستووری زمانی عەرەبی)دا، سێبارەی کردۆتەوە: (فوقەهایێد ئەکرادان) و (طەلەبەیێد ئەکرادان)و (موبتەدئێد ئەکرادان) (تەرەماخی، ١٩٧١، ٢٥-٢٦) و ئەم حاڵەتە لە چ دەقێکی کلاسیکیی دیی کوردی بەرچاو ناکەوێت و ئەحمەدی خانی، بە (کورد) و(ئەکراد) و(کرمانج) ناوی نەتەوەکەی دەبات و دەشێین بە تایبەتییەکی هەرە بەرچاوی زمانی بایەزیدیی بیژمێرین، ئەوەی جێگای سەرنجە لە صەرفەکەی تەرەماخییش، دوو جار ناوی ئەکراد براوە و هەردووکیشی بە کۆ هاتوون (طایفا ئەکرادان) و (موبتەدئێد ئەکرادان)

(تەرەماخی، ١٩٧١، ٢٩، ٣٣)، لە(در المجالس)یش، لەبەر ئەوەی کۆمەڵە بەسەرهاتێکی وەرگێڕدراوە و پەیوەندیی بە کوردەوە نییە، تاکە جارێک ناوی کورد براوە و ئەویش هەر بە (ئەکرادان) هاتووە (هەکاری، ٢٠١٩، ١٣٠).

- جێگۆڕکێ بە دوو پیتی وشەیەکی بیانی، دیاردەیەکی باوە لای خەڵکانی نەخوێندەوار و لە زمانی بازاڕدا، وەک: روبع- روعب، ئەرزاق- ئەزراق، تەسلیم- تەسمیل، عەرد- عەدر...هتد، بایەزیدییش چونکە بە زمانی عەووام و بازاڕی دەنووسێت، (لەصقی، دلەصقینم، لەصقیم، بلەصقینی)ی لەلا بووە بە(زەلقی، دزەلقینم، زەلقیم، بزەلقینی)[٢٧]، لە تەصریفی تەرەماخی و (در المجالس)یش، (بلەصقە) کراوە بە (بزەلقە) (تەرەماخی، ١٩٧١، ٣٠؛ هەکاری، ٢٠١٩، ٢٢٧)، هەروەها سێ جار لە چل حیکایەتەکەی و دووجار لە (عادات و رسوماتنامە) و جارێک لە پێشەکیی تەصریفی تەرەماخی و جارێکی دی لە (تحفة الخلان)دا، وشەی(کەشف)ی بە(کەفش) گۆکردووە و نووسیویەتی[٢٨]، هاوکات چوار جار لە تەصریفی تەرەماخی و جارێکیش لە(در المجالس) هەمان جێگۆڕکێ چێ بووە (تەرەماخی، ١٩٧١، ٣٥-٣٦؛ هەکاری، ٢٠١٩، ١٠٧)، دەڵێین ئەگەر مەلایەکی شارەزا و عەرەبیزان نەک بایەزیدیی پشووکورت و هەڵەشە و سەرقاڵ، ئەم تەصریفەی بەشێنەیی بنووسیایە، هەرگیز ئەم خەوشەی لێ نەدەوەشایەوە و ئەم پیتگۆڕکێیەی ناکرد و دووبارەی نەدەکردەوە، مامۆستایەکی پسپۆڕ و زمانەوان کاتێک بابەتێکی فێرکاریی زمانی قورئان و سوننەت بۆ "زاروکێن کرمانجان" دادەنێت، چۆن دەبێت خۆی نەزانێت تاک و کۆی ئەو زمانە لێک بکاتەوە و وشەکانی بە رەوانی گۆ بکات. هەروەها رێی تێ ناچێت زانایەکی مۆکسیی سەدەی ١١ک/١٧ز و دوو مەلای هەکاری و بایەزیدیی دوو سەدە پاشتر، تووشی هەمان ئەم دوو هەڵەیە ببن و هەرسێکیان لەصق و کەشف بکەن بە زەلق و کەفش! پێم وایە تەنها ئەم

دوو حاڵەتە و ناوبردنی کورد بە (ئەکرادان)، بەڵگەی گومانبڕن و بەسن بۆ ئەوەی بێژین کە دانەری تەصریفی تەرەماخی و (در المجالس)ی مەلا موسای هەکاری، هەمان دانەری (عادات و رسوماتنامە) و (چل حیکایەت) و (تحفة الخلان)ە و ئەویش خودی مەلای بایەزیدییە.

- کردنی بەردەوامی پیتی(هاء) بە(حاء) لە چەند وشەیەک، وەک: (هەکاری- حەکاری)[٢٩] و (هەمی-هەمو- حەمو)[٣٠] و (هەمبیز- حەمبیز)[٣١] و (سپەهی- سپەحی)[٣٢] و(هزار- حزار)، لەتەصریف-دەستوور و (در المجالس)یش بە ئەم وشانە هەردەم بە (ح) هاتوون (تەرەماخی، ١٩٧١، ل٢٩، ٣٤، ٣٨، ٤٠، ٤٣، ٤٦-٤٨، ٥٤، هەکاری، ٢٠١٩، ٤١ -٤٢، ٤٦-٥٨، ٧٩-٨٠، ٨٧، ١٠١، ١٠٤-١٠٥، ١٢٨، ٢٣٨-١٣٩، ١٤٢-١٤١٤٤، ١٤٧، ١٧٥، ٢٠٠، ٢٠٥-٢٠٦، ٢١٠-٢١٣، ٢٢٤، ٢٢٩-٢٣٠، ٢٥١-٢٥٣... هتد)، کەچی لای ئەحمەدی خانی و مەلای باتەیی و مەلا خەلیلی سێرتی بە(هاء) دێت، وەک (هزار) و (هەمی)(باتەیی، ٢٠١٤، ٤٢، ٧٢، ٧٩، ٨٣، ٨٥، ٨٧، ٩١؛ سێرتی، ٢٣، ٢٨).

- کردنی (ژەهر- ژەحر) (الخالدي، ٢٠١٨، ص١٨٢) بە (ژەعر)[٣٣] و لە (در المجالس)یش (هەکاری، ٢٠١٩، ١٣٥، ١٤٩، ١٦٦، ٢٠٣).

- لە چەندین پەیڤی کوردیدا، پیتی(ت) دەکاتە (ط): طشتەکی، ناطرسی، طرسی، طاشتی- طێشت، طاری، وسطایە، دقوطن[٣٤]، لە دەستووریشدا: ڤقەطینی، طشتەکی- چەند جارێک( تەرەماخی، ١٩٧١، ٢٩، ٣٣-٣٤، ٤٠، ٥٢-٥٣).

- بایەزیدی، لەبری(نێز و نیزیکی و نزدیکی)(الخالدي، ٢٠١٨، ٧١، ٣١٣)، هەردەم دەڵێت: (نێزوکی)[٣٥] و لە (در المجالس) دا، هەر وا هاتووە (هەکاری، ٢٠١٩، ٤٢، ٥٣، ٨٣ (سێ جار)، ٩١، ٩٦، ١٠٣، ١٠٧-١٠٨، ١١٨-١١٩، ١٢٦-١٣٠، ١٤٠-١٤١، ١٤٣، ١٦٢، ١٧١، ١٨٥، ١٩٣، ٢٠٠).

- هەر نووسەرێک لە پرۆسەی نووسیندا، ئەگەر بیهەوێت یان نەیهەوێت و لە ئاگاهی یان بێئاگاهییدا، هەردەم وشەگەلێک و دەستەواژەگەلێک دووپات دەکاتەوە (قاسم، ٢٠١١، ١٧٤)، ئەم دۆخە لە پێشەکییەکەی بایەزیدی و ناوەڕۆکی تەصریفی تەرەماخی رەنگی داوەتەوە، ئەوەتا ئەم پەیڤانە زیاد لە جارێک دێن تا ئەو رادەیەی ناکرێت بە رێکەوت دابنرێت و خوێنەر زوو هەست دەکات بە زمان و ریتمی یەک کەس نووسراون: (البتە- ئەڵبەتە، زاڤ- زۆر، ایجاری- واتا ئەمجارە- ڤێجا- پاشان، لەوڕا و لەوڕانێ) (تەرەماخی، ١٩٧١، ٢٥-٢٨، ٣٠-٤٥، ٤٨، ٥٣-٥٤) و هەمان ئەم پەیڤانە بەزۆری لە کتێبەکانی دیکەی بایەزیدی بەرچاو دەکەون[٣٦]، لە (در المجالس)یش، دەهان جار بەڵکو لە زۆربەی لاپەڕەکانی، (زاڤ- زەحڤ) و (ئەڵبەتە) و (ئیجاری) هاتوون (هەکاری، ٢٠١٩، ٤٦، ٥٣-٥٩، ٧٩-٨٢، ٩٢، ٩٥-٩٦، ١٠٦، ١١١، ١١٦، ١٢٠-١٢٤، ١٢٦، ١٢٨، ١٣٠-١٣٥، ١٣٧-١٤٤، ١٧٥، ١٧٨، ١٨٤-١٨٥، ١٨٨...هتد) و تەنها لە شەش لاپەڕە و نیوی تەرجەمەی شەرەفنامەدا، چل و هەشت جار و لە یەک لاپەڕەی (چل حیکایەت)دا، حەوت کەڕەت (ئیجاری) هاتووە (بەدلیسی، ٢٠٠٧، ٣١٦، ٣١٨، ٣٢٣، ٣٥٢-٣٥٥؛ بایەزیدی، ٢٠٠٤، ٩٣).

- (قەوی زێدە) یەکێکەلەو جووتوشەیانەی وا بایەزیدی بەردەوام دووپاتی دەکاتەوە و ئەمەش بۆتە خاڵێکی دیی ناسینەوە و جیاکەرەوەی نووسینەکانی[٣٧]، لە (در المجالس)یش زیاد لە سیجار دووپات کراوەتەوە (هەکاری، ٢٠١٩، ٤٦، ٤٤-٤٥، ٦٤، ٧٢-٧٥، ٧٧، ٨٤، ٨٨، ١٠١، ١١٢، ١٤٦، ١٥١، ١٥٧، ١٦٠-١٦٥، ١٦٨، ١٨٧، ١٨٩، ١٩٢، ١٩٧، ٢٠٨-٢٠٩، ٢١١، ٢١٥، ٢٢٦، ٢٢٩، ٢٣٦، ٢٣٨-٢٤٠، ٢٤٥، ٢٤٧، ٢٥٢...هتد).

- دووپاتکردنەوەی هەردوو وشەی(حسێبکە)[٣٨] و (کافەیێد)[٣٩]، لە دەستوور و (در المجالس)یش بە هەمان شێوە (تەرەماخی، ١٩٧١، ٢٩، ٥١؛ هەکاری، ٦٠، ١٨٩-١٩٠، ١٩٢، ١٩٩، ٢٠٩، ٢١٧، ٢٢٩).

## ٨- ئەنجام- دیاردەی هەڵبەستانی دەستخەت:

بە درێژایی سەدەی نۆزدەهەم گەڕۆک و ڕۆژهەڵاتناسان و دەزگا پەیوەندیدارەکانی ئەوڕوپا بە پەرۆشەوە کەوتنە کڕین و پەیداکردنی گەنجینەی دەستخەت و بۆ ئەم مەبەستە نێردە و وەفدیان ناردە جیهانی ئیسلامی و پارەیەکی زۆریان مەزاخت، خەڵکانێک ئەم هەلەیان لەدەست نەدا و جاربەجار ئەورووپییەکانیان فریو دەدا و دەستخەتی قەڵب و هەڵبەستراویان بە نرخێکی گران پێ دەفرۆشتن، لە وێنەی روونووسکارانی ساختەکاری ئێرانی کە ژمارەیەک دەستخەتیان دەستکاری کرد یان پێکەوەیان نا و بە بەهای دانەی ئەصلی، دەیانفرۆشتە دەستخەتکرانی ئەوڕوپی و لەوانەش چوارینەکانی عومەری خەییام(م: ٥٢٦ک/١١٣١ز) و بازرگانێکیش دانەیەکی بەناو کۆنی (السیرة النبویة)ی (إبن هشام: م٢١٨ک/٨٣٣ز) خستەڕوو، تا (ناوەندی شاه فەیصەڵ) لە سعودیە لێی بکڕن، پاش پشکنین دەرکەوت ساختەیە و تەمەنی ناگاتە سەت ساڵ (المشوخي، ٢٠١١، ص٢٨)، لای خۆمانیش لەم دیاردە دزێوە دەر نەبوو و مەلا و توێژی خوێندەواری کورد لە لایەک و قەشە و پیاوانی کەنیسەکانی کوردستان لە لایەکی دییەوە، درێغییان نەکرد و دەستی خۆیان وەشاند، بۆ نموونە هەردوو کتێبی (شوق المستهام في معرفة رموز الأقلام)[٤٠] و (کڕنۆلۆجیای هەولێر)ی (مەشیحا زخا) و نووسراوە پیرۆزەکانی (جیلوە و مەصحەفا رەش)ی یەزیدییەکانیان هەڵبەست و پارەیەکی باشیان لە فرۆشتنیان چنگ کەوت[٤١].

لە لایەکی دیکەوە، کار و پیتەپێدانی رۆژهەڵاتناسیی رووسی بە کوردناسی لە سەدەی نۆزدەهەمدا، بە مەرامێکی سیاسیی رەها بوو و لە ژێر باندۆری کێشە و ململانێی رووسی- عوسمانی ئەنجام دەدرا و بە نیازی خزمەتکردن و بەرچاورِوونیی رایەدارانی دەوڵەتی قەیصەری دەخرایەگەڕ و کۆمەڵەی زانستیی رووسی و دەزگا ئەکادیمیاکانی دی بە بەرنامە ئیشیان دەکرد و بە بڕیار پسپۆڕانیان رادەسپارد بایەخ بە زمان و فەرهەنگ و دیرۆکی کورد بدەن، لەوانەش سەرباری ئەلێکسەندەر ژابا، کوردناس پیوتەر لیرخ(١٨٢٨-١٨٨٤) کە نزیکەی سێ مانگی لە زیندانی رۆستاڤل بەسەر برد تا لەگەڵ ئەو پەنجا زیندانییە کوردە بدوێت کە لە ئاکامی شەڕەکانی عوسمانی- رووسی بەدیل گیرابوون و لە رێگای گفتوگۆوە ئاشنای زمانی کوردی ببێت، ئەم مژارە ئاڵۆز و فرەڕەهەندە و ئەوەی لێرە مەبەستمانە بەدڵنیاییەوە بیڵێین ئەوەیە کە بایەزیدیی نەدار و دەستکورت و مەلایەکی رەبەن و ئاوارەی ئەرزەڕوم، هەرگیز ئەو هەموو کارانەی لە دانان و پەیداکردن و کورتکردنەوە و نەسخکردنی کتێبی کوردی و وەرگێڕانی کتێبی فارسی بۆ کونسوڵی دەوڵەتێکی مەزن و کۆلۆنیالیی وەک رووسیا، بەخۆڕایی و بێ بەرانبەر جێبەجێ نەکردووە، بەڵکو بە رێککەوتنی فەرمی و بە پارە بووە و پاداشتێکی موستەحەقی دەست کەوتووە و زیاتریش لە خەمی هەقدەستی ماددی بووە و خەمی ئەوەی نەخواردووە، ناوی دەربچێت و بە نەمری بمێنێتەوە، بۆیە لە کارەکانی دا چەند ناوێکی خوازراوی بەکار هێناوە و کتێبی(در المجالس) بە ناوی مەلا موسای هەکارییەوە وەرگێڕاوە و لە نووسینەوەی تەصریفەکەشدا، پشوودرێژ نەبووە و بە کورتی و پوختی بەناوی تەرەماخییەوە بڕیویەتیەوە و بێگومان ژاباش وەک رۆدێنکۆ دەڵێت ئەو کەرستە نووسراوەی بە پارە و دیاری پەیدا کردووە(رۆدینکۆ، ٢٠٢٠، ٣٩).

هەرچی تەرەماخییە، ئەوا یان لە بنەڕەتدا نەبووە و بایەزیدی هەڵی بەستووە تا خواستەکەی ژابای پێ رایی بکات و لەبریی شتێکی دەست بکەوێت و پاداشت بدرێتەوە، یان وەک مەلایەکی زیرەک و شارەزاهەبووە، بەڵام دانراوی بە کوردی سەبارەت بە رێزمانی عەرەبی لە چەشنی ئەم تەصریفە نەبووە، ئەگەر هەشیبووبێت هەندە ناسراو و بەربڵاو نەبووە و دەست ژابا نەکەوتووە و ئەو دانە ئۆرگیناڵەی گوایا لای پیرەمێردەکەی هەکاری بووە، کەس نەیبینیوە و دەست کەس نەکەوتووە و لە چ سەرچاوەیەکیش باس نەکراوە. بەڵام هەر گریمانەیەک لەمانە راست بێت یان هیچیان راست نەبێت، ئەوا لەو راستییە ناگۆڕێت کە ئەو تەصریفەی وا د. مارف خەزنەدار بە ناوی(دەستووری زمانی عەرەبی بە کوردی) بڵاوی کردەوە، هیچ پەیوەندیی بەوەوە نییە و بەرهەمی بایەزیدیە و بەر لە هەموان ژابا گومانی لێ کردووە، بە هەمان شێوە مەلا موسای هەکارییش هەر ناوێکی خوازراوی بایەزیدییە و زمانی هەردوو کتێبەکە کوتومت هاوشێوەی زمانی بایەزیدییە و هەمووی بە یەک دەڤۆک نووسراون ئەویش سەرحەدی- رەوەندییە.

**لیستی سەرچاوەکان:**

- باتەیی، مەلا حوسێن (٢٠١١)، مەولود، ئامادەکار حوسێن شەمرەخی، ئیستانبول نوبهار.
- بایەزیدی، مەلا مەحموود (٢٠٠٠)، مەم وزین بە پەخشان، فەرهاد پیربالّلە کتێبی مەلا مەحموودی بایەزیدیبڵاوی کردۆتەوە، هەولێر.
- بایەزیدی، مەلا مەحموود(٢٠٠٤)، چل حیکایەتێد مەلا مەحموودێ بایەزیدی، هەولێر: دەزگای ئاراس.
- بایەزیدی، مەلا مەحموود (٢٠٠٧)، تەرجەما شەرەفنامەیا شەرەفخانێ بەدلیسی، تویژاندن سەعید دێرەشی، دهۆک: دەزگای سپیرێز.
- بایەزیدی، مەلا مەحموود (٢٠١٢)، عادات و رسوماتنامەئی ئەکرادیە، لێکۆلین جان دۆست، ئیستانبول: وەشانخانەی نوبهار.
- بایەزیدی، مەلا مەحموود (٢٠١٩)، تحفة الخلان في زمانێ کوردان، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی هێمن عومەر خۆشناو، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی سۆران، هەولێر- سۆران.
- بایەزیدی، مەلا مەحموود (٢٠٢٠)، لەیلا ومەجنوون بە پەخشان، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی هێمن عومەر خۆشناو، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی سۆران، سۆران- هەولێر.
- پیربال، فەرهاد (٢٠٠٠)، مەلا مەحموودی بایەزیدی، هەولێر: دەزگای ئاراس.
- تەرەماخی، عەلی (١٩٧١)، دەستووری زمانی عەرەبی بە کوردی، لێکۆڵینەوە و لەسەرنووسین و ئامادەکردنی دکتۆر مارف خەزنەدار، بەغدا: چاپخانەی دار الزمان.
- خانی، ئەحمەدی (٢٠٠٨)، مەم و زین، بەرهەڤکرن تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، سپیرێز، دهۆک. (مەلا مەحموودی بایەزیدی بە پەخشان کورتی کردۆتەوە).
- خەزنەدار، مارف(د) (١٩٨٤)، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، المؤسسة العراقیة للطباعة، بەغدا.- دۆسکی، تەحسین،٢٠١٩، باغێ ئیرەم، گەریانەک د ناڤ گولزارا شیعرا کرمانجی دا، سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی، زاخۆ.

- دێرەشی، دێرەشی (٢٠١٤)، شاعرێ مەزن محەمەد تەیار پاشایێ میرێ بەهدینا، گۆڤارا دیرۆک ، هژمار (١٤)، دهۆک.
- رودێنکۆ. م. ب (٢٠٢٠)، وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست، وەرگێڕانی لە رووسییەوە ئەنوەر قادر محەمەد، دەزگای جەمال عیرفان، سلێمانی.
- سێرتی، مەلا خەلیل (٢٠١٤)، نهج الأنام، ئامادەکار حوسێن شەمرەخی، ئیستانبول: دەزگای نوبهار.
- گارزونی، ماوریتسۆ (٢٠١٥)، رێزمان و وشەنامەی زمانی کوردی، هەولێر: دەزگای بەدرخان.
- لیزنبێرگ، مکاییل (بێ ساڵ)، عەلی تەرەماخی و بەکارهێنانی زمانی قسەپێکردنی رەسەنی خۆیی لە خوێندنی مەدرەسان لە کوردستان، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە حەسەنی قازی. ستۆکۆڵم.
- هەکاری، مەلا موسای (٢٠١٩)، در المجالس، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی هێمن عومەر خۆشناو، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی سۆران، هەولێر: چاپخانەی هێڤی.
- Newayi, Merdan, 2018, Mela Eliye Teremaxi, Tesrifa Teremaxi, Metn u Analiz, Nubihar, Istanbul.
- Ozturk, Dr . Mustafa , 2017, Koleksiyona Aleksandre Jaba ya destnivisen Kurdi, Ankara.

**ب- بە عەرەبی:**

- الخالدي، ضياء الدين يوسف بن محمدعلي المقدسي (٢٠١٨)، الهدية الحميدية في اللغة الكردية، تحقيق جان دوست، استانبول.
- خزنەدار، معروف(د) (١٩٧٨)،مخطوطات فريدة ومطبوعات نادرة، مطبعة المعارف، بغداد.
- رسول، عزالدين مصطفى(د) (٢٠١٠)، الواقعية في الأدب الكردي، ط٢، دار ئاراس، أربيل.
- رودينكو. م. ب (٢٠٢٠)، وصف المخطوطات الكردية في مجموعات لينينغراد، ترجمة د. عبدي حاجي، الأكاديمية الكردية، أربيل.

- شيركو، بلەج (١٩٨٦)، القضية الكردية، ماضي الكرد وحاضرهم، دار الكاتب، بيروت.
- قاسم، باسم إدريس (٢٠١١)، لامية العرب بين الشنفرى وخلف الأحمر، مجلة التربية والعلم، المجلد(١٨)، العدد(١)، كلية التربية، جامعة الموصل.
- ماركريت، لوسى بول و ك. أ. ب (١٩٣٩)، دراسة فى الشعر الكردي، ترجمة رفيق حلمي، مطبعة التفيض الأهلية، بغداد.
- المشوخي، عابد سليمان (٢٠٠١)، التزوير والإنتحال فى المخطوطات العربية، مركز الدراسات والبحوث الرياض.
- نيروزه، محمود (٢٠١٦)، علي ترماخي ومؤلفاته، مجلة دراسات ميزوبوتاميا، العدد(١)، إستانبول.

## پەراوێزەکان:

(١) بۆ زانیاریی تەواو لەبارەی بەرهەم و کارەکانیەوە، بگەڕێوە بۆ: د. معروف خزنەدار، مخطوطات فريدة ومطبوعات نادرة، مطبعة المعارف(بغداد: ١٩٧٨)، ص٣٨-٣٩،فەرهاد پیربال، مەلا مەحموودی بایەزیدی، یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد، دەزگای ئاراس (هەولێر: ٢٠٠٠).

Dr. Mustafa Ozturk, Koleksiyona Aleksandre Jaba ya destnivisen Kurdi, (Ankara: 2017), r16-22.

(٢) بایەزیدی بە کورتی لە ژیانی هەشت شاعیری کرمانج دواوە و سەرپێیی ساڵی هاتنە دنیا و مردنیانی داناوە و کەوتۆتە ناکۆکیی سەیرەوە و بەقسەی ئەو بێت مەلای جزیری تەنها شازدە ساڵ (٥٤٠-٥٥٦ک) ژیاوە و ئەحمەدی خانی ساڵی ١٠٦٣ک/١٦٧٣ز مردووە و ئیسماعیلی بایەزیدی کە ساڵی ١٠٦٥ک لەدایک بووە، شاگردی بووە، لە کورتکردنەوەی مەم و زینیشدا دەڵێت خانی لە ساڵی ١٦٠٠ز دایناوە. بڕوانە:مەلا مەحموودێ بایەزیدی، ٢٠٠٤، چل حیکایەتێد، دەزگای ئاراس، هەولێر، ١٠٩-١١١؛ مەم و زینی بایەزیدی ٣٩.

(٣)بگەڕێوە بۆ: م. ب. رودێنکۆ، وتارگەلی ئەدەبی کوردی، ٣٩. بڕوانە: قەناتی کوردۆ (کوردۆییڤ)، دەرهەقا شۆڤێد "مەم وزینا" زارگۆتی و شۆڤا "مەم و زینا" ئەحمەدێ خانی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی شەشەم (بەغدا: ١٩٧٨)، ٧٨-١١٠، نهج الأنام، ئامادەکار حوسێن شەمرەخی، دەزگای نوبهار(ئەستانبول: ٢٠١٤)، ١٧-١٨. ئەوەش بڵێین کە ڕۆژی ٢٠-١-٢٠٢٢، د. موحسن دۆسکی کۆمەڵە دەستخەتێکی نەحو و صەرفی بۆ هێنام، یەکێکیان بە(المسمى بالترماخي) کۆتا هاتبوو و هەندە کۆن نەبوو و چ مێژوویەکی پێوە نەبوو و لە زاخۆ نووسرابووەوە، وەلێ تەصریفی تەرەماخی نەبوو.

(٤) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی، (بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە رێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی یەکەم) چاپخانەی(ومیض)(بەغدا: ١٩٩٨)، ١١٩-١٢٢، ١٧٦-١٧٧، سەعید دێرەشی، کەلهێن ئاڤا، دەزگەها سپیرێز (دهۆک: ٢٠٠٥)، ٤٩٥-٥٤٨، گۆڤاری دیرۆک، ژمارە(١٧) (دهۆک: زستانی ٢٠١٨)، ١١٨-

لەناو Koleksiyona Aleksandre Jaba ya destnivisen Kurdi, 90-91. ،١٣٧ دەستخەتەکانی موحسن دۆسکی دا، دوو تەصریفی مەلا عەلی هەبوو.

(٥) تەصریفێکی ناسراو و مەنهەجی بوو لە کوردستان، عزالدین عبدالوهابی زنجانی(م: ٦٥٥ک/١٢٥٧ز) دایناوە و مامۆستایانی کورد شەرحیان کردووە، لەوانە: پیر خضر الشاهویي، شرح تصریف الزنجاني، إنتشارات کردستان (سنندج: ١٣٨٧ش).

(٦) بڕوانە: داود جلبی، مخطوطات الموصل، مطبعة الفرات (بغداد: ١٩٢٧)، ٢٧٤. ئەم شەرحەش لەم دواییە بەهەڵە گەڕێندراوەتەوە بۆ تەرەماخی.

(٧) نیرۆزە مەحموود دەڵێت بە (١٨کم) و مەردان نەوایی دەڵێت بە (٢٣کم) لە مۆکسەوە دوورە.

(٨) بڕوانە: مەلا موسای هەکاری، در المجالس، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی هێمن عومەر خۆشناو، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی سۆران، چاپخانەی هێڤی(هەولێر: ٢٠١٩)، ل١٤.

(٩) شایەنی باسە لەم دواییە، زانکۆی ماردین دانەیەکی سەرجەم دەستخەتەکانی ژابایان کڕی و مخابن ئەمەی تێدا نییە و وا دیارە فەوتاوە.

(١٠) لە گوتارەکەی گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، بەرگی دووەم(بەغدا: مارت و نیسانی١٩٧٠)، ١٤٤، ئەم رۆژە بە ١٧ی مایسی١٨٥٨ هاتووە.

(١١) لە چاپەکانی پاشتری ئینسایکلۆپیدیا و لە وەرگێڕاوە فارسی و کوردی و عەرەبییەکانی دا، ئەم باسکردنەی تەرەماخییم نەدیت و وابزانم مینۆڕسکی لایبردووە.

(١٢) د. مارف خەزنەدار دەڵێت ژابا تەنها ناوونیشانی شیعرەکانی بردووە و ئەمانیش شیعرەکانیان بەو ناوونیشانانەوە هەڵبەستووە،بەڵام هاورێم د. نەجاتی عەبدوڵا کە چاپی فەرەنسیی کتێبەکەی هەیە، بە سوپاسەوە رۆژی ٢١-١-٢٠٢٢ بە تلیفۆن پێی گوتم کە ژابا باسی شتی وای نەکردووە.

(١٣) محەمەد ئەمین زەکی پێشەکیی بۆ وەرگێڕانەکەی رەفیق حیلمی نووسیوە (٣-٥) و لەوێش پەسنی شیعرەکانی تەرەمۆکی دەکات و لە پێشەکیی چاپە عەرەبییەکەی خولاصەدا دەڵێت، ئەم چاپەم بەهەل زانی و هەندێ زانیارییم خستە سەری و لەوانەش باسی شیعر و شاعیرانی کورد، د. مارف و زۆر کەسی دی وا دەزانن ئەم زیادکردنە کاری وەرگێڕ محەمەد عەلی عەونییە.

[١٤] بڕوانە: پێشەکیی دەستووری زمانی کوردی، ١٦- ٢٢، م. ب. رودێنکۆ، وتارگەلی ئەدەبی کوردیی، ل٥١، د. عز الدین مصطفى رسول، الواقعية في الأدب الكردي، ط٢، دار ئاراس(أربيل: ٢٠١٠)، ص٥٣.

[١٥] بڕوانە: رەشید فندی، عەلی تەرەماخی، ئێکەمین رێزمان نڤیس و پەخشان نڤیسێ کوردە (بەغدا: ١٩٨٥).

[١٦] بگەڕێوە بۆ: محەمەد عەلی قەرەداغی، بایەخدانی میرانی ئامێدی بە رۆشنبیری لە دەڤەری بادیناندا، دەزگای ئاراس(هەولێر: ٢٠٠٦)، ٥٢-٢٤٢.

[١٧] بڕوانە: حسين حسن كريم، الفهرس الوصفي لمخطوطات مركز ژين، جزءان (السليمانية: ٢٠١٣، ٢٠٢٠)، ٢١٨/١-٢٢٢، ٥٤٤ ،١٧٧/٢-١٨٠، ٣٨٧، محمد عبدلى، فهرستوارەء نسخهای عکسی مشاهیر کرد موجود در کتابخانە، آرشیو ومجموعەء شخصی محمد عبدلی- مهاباد، ص٢١-٢٣. لەناو دەستخەکانی موحسن دۆسکییشدا، دوو تەصریفی مەلا عەلی هەبوو.

[١٨] بگەڕێوە بۆ: تصريف الملا علي مع حاشية القزلجي والقرداغي والماويلي، تحقيق وتعليق كمال عليزاده، إنتشارات شيخى (سنندج: ١٣٩٧ش).

[١٩] بڕوانە: داود چلبى، مخطوطات الموصل، مطبعة الفرات( بغداد: ١٩٢٧)، ص٩٨، ١١٠، ١٣٩، ١٧١، ١٨٦، ٢٠٣، خير الدين الزركلي، الأعلام، دار العلم للملايين(بيروت: ٢٠٠٧)، ٢٠١/٦، ٢٥١/٨، محەمەد عەلی قەرەداغی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە رێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی یەکەم) چاپخانەی (ومیض) (بەغدا: ١٩٩٨)، ١٧٦-١٧٧، ٣٦٧.

[٢٠] دکتۆر مارف خەزنەدار لە کتێبی: لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، المؤسسة العراقية للطباعة(بەغدا: ١٩٨٤)، ٣٨٢-٤٠٦. بڵاوی کردۆتەوە.

[٢١] بڕوانە: دیوانا مەلایێ جزیری، هلبژارتن و بەرهەڤکرنا تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، کتێبخانا جزیری (دهۆک: ٢٠٢٠)، ١٢٩، ٣١١-٣١٨، تەحسین دۆسکی، باغێ ئیرەم، گەڕیانەک د ناڤ گولزارا شیعرا کرمانجی دا، سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی (زاخۆ:٢٠١٩)، ل٧٩-٨٠، ٨٣-٨٤، ٩١، ١١١...هتد.

[٢٢] بڕوانە: باغێ ئیرەم، ٧٩-٨٠، ٨٣-٨٤، ٩١، ١١١...هتد، مەولود، ئامادەکار حوسێن شەمرەخی، نوبهار (ئیستانبول: ٢٠١١)، ل٢٥، ٧٤. هەروەها بڕوانە ، صادق بهاء الدين، هۆزانڤانێت کورد، ل ٢٧٧، ٢٧٩.

[٢٣] بڕوانە: چل حیکایەتێد مەلا مەحموودێ بایەزیدی، دەزگای ئاراس( هەولێر: ٢٠٠٤)، ٧-٩، ١٠٩، ٩٥، ٩ ١١١، تحفة الخلان فی زمانێ کوردان، ٦٤-٦٥، ٦٨-

٨٥، ٩٠، ١٠٩، لەیلا و مەجنوون، ٣٧-٣٩، ٥٦-٥٧، ٦١-٦٤. لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، ل٣٨٥، عادات و رسوماتنامە، زۆربەی لاپەڕەکانی، مەم وزینی بایەزیدی، ل٤١-٤٢، ٤٤-٤٦.

[٢٤]بڕوانە: لەیلا و مەجنوون، ل٣٧-٣٨.

[٢٥]بڕوانە: چل حیکایەتێ مەلا مەحموودێ بایەزیدی، ٧-٩، ٢٩، ٩٥، ١٠٠، ١٠٣، ١٠٩.

[٢٦]بڕوانە: لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، ٣٨٥-٣٨٩، چل حیکایەتێ مەلا مەحموود، ٤٧، ٩٤-٩٥... هتد.

[٢٧]بڕوانە: چل حیکایەتێ مەلا مەحموود، ٤٢، ٥٢، تحفة الخلان فی زمانێ کوردان، ٧٧.

[٢٨]بڕوانە: چل حیکایەتێ، ٤٠، ٦٩، ١٠١، عادات و رسوماتنامە، ٦١، ٨٨، دەستووری زمانی عەرەبی، ٢٦، تحفة الخلان، ل٨٤.

[٢٩]بڕوانە: دەستووری زمانی عەرەبی، ل٢٥(پێشەکی)، تحفة الخلان فی زمانێ کوردان، ٧٦-٧٧، ١٩٣، ١٩٦-١٩٧، لەیلا و مەجنوون، ل٦٣، مەم و زین لە فەرهاد پیربال، مەلا مەحموودی بایەزیدی، ٣٩، ٤٢، ٤٧.

[٣٠]بڕوانە: چل حیکایەتێ مەلا مەحموود، ١٠٢، تحفة الخلان، ٦٩، ٧٦-٧٧، ٩٦، ١٠١، ١٩٣، ١٩٦-١٩٧، لەیلا و مەجنوون، ٦٣، بعضی عشایر وقبایل لە فەرهاد پیربال، مەلا مەحموود، ١٥٣، مەم و زینی بایەزیدی، ٣٩، ٤٧، عادات و رسوماتنامە، ١١، ١٦، ٢٦، ٢٨، ٣٤، ٥٤، ٦٣-٦٤، ٨٦، ٨٩، ٩٣، ٩٦، ١٠٤، ١١٤... هتد.

[٣١]بڕوانە: چل حکایەتێ، ١٥، مەم وزینی بایەزیدی، ٤٢، ٤٦.

[٣٢]بڕوانە: پێشەکیی دەستوور و زمانی، ٢٥، چل حیکایەتێ ٦٠-٦١، ٨٣، ٩٥، ٩٧، لەیلا و مەجنوون، ٣٨، عادات و رسوماتنامە، ١٩، ٧٨، ٩٠، تەرجەما شەرەفنامە، ٣١٩، ٣٥٩، ٣٧٥، ٣٨٩...هتد، چل حیکایەتێ مەلا مەحموود،٩٥، ١١٠-١١١، فەرهاد پیربال، مەلا مەحموودی بایەزیدی، ١٣٧، ٩٥، ١٥٩-١٦١، ڕەشید فندی کردوویەتی بە (هزار) و (حەکاری)ی کردووە بە (هەکاری)، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، ٣٨٥-٣٩٠.

[٣٣]بڕوانە: تەرجەما شەرەفنامە، ٣٢١، چل حیکایەتێ، ٨٠، ٨٥.

[٣٤]بڕوانە: عادات و رسوماتنامە، ٨، ٢٢، ٥٣-٥٨، ٦٨-٧١، ١٠٢-١٠٤، ١٢٦، لەیلا و مەجنوون، ٥٨.

[٣٥]بڕوانە: چل حیکایەتێد مەلا مەحموود، ١٧، ٧٩، عادات و رسوماتنامە، ٤، ١٠-١٢ ٧٠، ١٠٧، ١٢٠، بعضی عشایر و قبایل لە فەرهاد پیربالْ، مەلا مەحموود، ١٥٣، لەیلا و مەجنوون، ٥٨، ٦٤.

[٣٦]بڕوانە: چل حیکایەتێد مەلا مەحموود، ٢٩، ٧٥، ١٠٩-١١١، لەیلا و مەجنوون، ٣٨، ٥٥-٦٤، عادات و رسوماتنامە، ٨، ١٣-١٤، ١٨، ٢١، ٢٩-٣٢، ٣٤، ٦٢، ٦٥، ١٠١، ١٠٤- ١١٤،... هتد.

[٣٧]بڕوانە: چل حیکایەتێد، ٢٠، ٢٩، ٤٧، ٦٣-٦٤،٦٩-٧١، ٧٤، ٧٧-٧٨، ٨٣، ٨٧، ٩٤-٩٧، ١٠١، ١٠٦، ١٠٩، مەم و زینی بایەزیدی، ٣٩، ٤٥، لەیلا و مەجنوون، ٥٨، ٦٤، تحفه الخلان، ٨٢، ١٩٥، عادات و رسوماتنامە، ٦، ٢٠، ٢٣، ٣٠، ٣٦، ٣٨، ٤٢، ٦٧-٦٨، ٧٤، ٨١، ٨٧-٩٠، ١١٥، ١٢٥... هتد، تەرجەما شەرەفنامەیا بەدلیسی، ٩٧، ٣١٩، ٣٢٢، ٣٢٤، ٣٢٧، ٣٣٠، ٣٦٩، ٣٧٨، ٣٨٧، ٣٩٣... هتد.

[٣٨] چل حیکایەتێد، ٤٠، ٦١، ٩٩، ١٠٢، ١٠٥، مەم و زینی بایەزیدی، ٤١-٤٢، ٤٦—٤٧، تەرجەما شەرەفنامە، ٣٠٨-٣٠٩، ٣٢٨، ٣٣٧، ٣٤٦...هتد، عادات و رسوماتنامە، ١٥، ٩٧...هتد.

[٣٩] پێشەکیی دەستووری، ٢٦، لە بابەت مێژووی، ٣٨٥-٣٨٦، عادات ورسوماتنامە، ٨٩...هتد، تەرجەما شەرەفنامە، ٣٤٥.

[٤٠] بگەڕێوە بۆ ئەم گوتارەم: کتێبی (شوق المستهام) ی (إبن وحشیة) و پرسی هەبوونی ئەلفوبێ و کتێبی کوردی، گۆڤاری رامان، ژمارە(٢٤٦) (هەولێر: ٥-١١-٢٠١٧)، ١١٤-١١٦.

[٤١] بڕوانە: ئەنستانس ماری کەرملی، کتێبی ئێزیدییەکان (جیلوە و مەسحەفا رەش)، وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵا، بنکەی ژین (سلێمانی: ٢٠٠٦)، ٣١، ٦٣-٦٤، گۆڤاری رامان، ژمارە (١٦٥) (هەولێر: شوبات ٢٠١١)، ١٣٧.

**الملخص**

## الملا محمود البايزيدي وعلاقته بمخطوطتي
## (تصريف الترماخي) و(در المجالس) للملا موسى الهكاري

يهدف البحث الى بيان طبيعة صلة الملا محمود البايزيدي بمخطوطتي(التصريف) و(در المجالس) المنسوختين بخط يده وهما الوحيدتين للكتابين، فالكتاب الأول هو شرح موجز ومبسط لصرف اللغة العربية باللغة الكوردية لتعليم طلاب المدارس الدينية بكوردستان خلال العصر العثماني مباديء اللغة العربية ونسب لملا علي الترماخي وهو عالم دين ولغوي مجهول تماما، إفترض انه عاش في القرن السابع عشر ونشر الكتاب بإسمه منذ نصف قرن والكتاب الثاني عبارة عن ترجمة كوردية من الفارسية لمجموعة قصص وحكايات تأريخية معبرة والترجمة منسوبة لملا موسى الهكاري وهو عالم آخر مجهول لايعرف عنه شيئا ونشر مؤخرا بإسمه، ولم يجرى حتى الآن دراسة تحليلية معمقة لمحتوى ومضمون الكتابين لتثبيت صحة نسبتها الى من نشرا بإسمهما.

ونظرا للتشابه الشديد بين الكتابين وبينهما وبين كتب ورسائل وترجمات البايزيدي من حيث اللغة واللهجة والأسلوب وتركيب الجمل وتكرار الكلمات والعبارات نفسها مرارا، توصل البحث بالدلائل والقرائن والأمثلة الى إن دور البايزيدي تخطى نسخ الكتابين كما إدعى، وإنما هو ذاته ألف الكتاب الأول وترجم الثاني خلال سنة ١٢٧٤هج/١٨٥٧-١٨٥٨م بناءا على طلب وتكليف القنصل الروسي بمدينة أرضروم ألكسندر جابا ونسبهما الى شخصين لم يثبت وجودهما تأريخيا، وذلك لإعتبارات إجتماعية ودينية وتجنبا لإثارة غضب وإستنكار رجال الدين الأكراد نحوه، لكونه رجل دين كوردي مسلم، فكيف يضع خدماته تحت تصرف وأوامر رجل أجنبي غير مسلم من تأليف ونسخ وترجمة وتلخيص، كما صرح بذلك القنصل الروسي.

الكلمات الدالة: المخطوطات الكوردية، البايزيدي، الترماخي، الإنتحال.

## abstract

### Mullah Mahmoud al-Bayazidi and his relationship to the manuscripts “Tasrif al-Tarmakhi” and “Dur al-Majalis” by Mullah Musa al-Hakari

The research aims to clarify the nature of the relationship of Mullah Mahmoud al-Bayizdi with the manuscripts “Al-Tasrif” and “Dur al-Majalis” copied in his handwriting, and they are the only two books. Al-Tarmakhi, who is a completely unknown religious scholar and linguist, assumed that he lived in the seventeenth century and published the book in his name half a century ago. So far, an in-depth analytical study of the content and content of the two books is being conducted to confirm the validity of their attribution to those published in their name.

In view of the strong similarity between the two books and between them and between Bayazidi books, letters and translations in terms of language, dialect, style, sentence structure and repetition of the same words and phrases over and over, the research concluded with evidence, clues and examples that the role of al-Bayazid exceeded copying the two books as he claimed, but he himself authored the first book and translated the second during the year 1274 AH. /1857-1858 AD at the request and assignment of the Russian Consul in Erzurum, Alexander Jaba, and attributed them to two people whose existence has not been proven historically, for social and religious considerations and to avoid provoking the anger and condemnation of the Kurdish clergy towards him, because he is a Kurdish Muslim cleric, so how can he put his services at the disposal and orders of a foreign man who is not Muslim authored, copied, translated and summarized, as stated by the Russian Consul.


Keywords: Kurdish manuscripts, Bayazidi, al-Tarmakhi, plagiarism